# ئەزموونی باوەڕدار بە مەسیح
# لە سەرکەوتندا



# پرەنسیپەکانی بە قوتابی بوون



و. قەشە زاگرۆس سەعید عەلی

Jüngerschafts-Prinzip Heft 1 kurdisch sorani

# ئەزموونی باوەڕدار بە مەسیح لە سەرکەوتندا
# پرەنسیپەکانی بە قوتابی بوون

### ئەزموونی سەرکەوتن بەسەر گوناهەدا
### (من نا بەڵکو مەسیح)

ناوی کتێب: ئەزموونی باوەڕدار بە مەسیح لە سەرکەوتن
دانـــــەر: قەشە دکتۆر سامح مۆریس
وەرگــێــڕ: قەشە زاگرۆس سەعید عەلی
بـڵاوکـــار: کلێسای "مەسیح"ی کوردزمان
تـەلـەفـۆن: ٠٦٦ ٢٢٤٠٧٩٧
ئیـمـەیـڵ: kurdzmanchurch@gmail.com

- مەبەستی ئەم بابەتە:

ئەم بابەتە دەخوێنین لە بەر ئەوەی دەست دەگرێت بە سەرئەزموونی ڕۆژانەمان لە هەموو بەڵێنەکانی خودا بۆمان لە سەرکەوتن دا.

هەرچەندە مرۆڤ ناتوانێت بە تەنها سەرکەوتنی ڕۆحی دەستەبەر بکات، بەڵام دەزانین مەسیح بە لە خاچدان و هەستانەوەی هەموو پێویستییەکانی سەرکەوتنمانی ئامادە کردووە.

باوەڕدار ڕووبەڕووی شەیتان وجیهان و جەستەی گوناهە دەبێتەوە وەك دوژمنێکی ڕۆحی لە ژیانیدا بەڵام لە مەسیح و ڕۆحی پیرۆزدا هەموو هاوکاریەك دەستەبەر دەکرێت کە پێویستە بۆ سەرکەوتن.

لێرەدا چەندین تێگەیشتنی بنەڕەتی لە بارەی لە خاچدان و هەستانەوە و مراندنی خود و ئەزموونی ژیان لە مەسیحدا فێر دەبین.

- دەتوانرێت ئەم بابەتە لە چوار دانیشتندا لێکۆڵینەوەی تیادا بکرێت :

دانیشتنی یەکەم: دوژمنە ڕاستەقینەکان.

دانیشتنی دووەم: واتای مردن لەگەڵ مەسیحدا.

دانیشتنی سێیەم: ئەزموونی یەکێتی لەگەڵ مەسیح لە هەستانەوەیدا.

دانیشتنی چوارەم: پەیڕەو کردن.

- لەگەڵ کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وامان لێ دێت بگەین بە:

١. دیاری کردنی ئەو دوژمنانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە.
٢. تێگەیشتنی ڕاست بۆ یەکێتی لەگەڵ مەسیح لە مردن و هەستانەوەیدا.
٣. دیاریکردنی هەنگاوە کردارەکیەکان لە مراندنی (خود) و ژیان لە مەسیحدا.
٤. بەشداریکردن و ووتوویژ لەسەر پەیڕەوکردنی بابەتەکە.

# ئەزموونی باوەڕدار لە سەرکەوتن بە سەر گوناهەدا

- پێشەکی
- یەکەم: دوژمنە ڕاستەقینەکان کێن؟

۱. جەستەی گوناهە
۲. شەیتان
۳. جیهان
۴. مردن

دووەم: مردن لەگەڵ مەسیحدا

سێیەم: ئەزموونی مردن لەگەڵ مەسیحدا

۱. بانگەواز بۆ مردن
۲. گرنگی مردن
۳. چۆنیەتی مردن
۴. هێزی خاچ

چوارەم: یەکگرتن لەگەڵ مەسیح لە هەستانەوەیدا

۱. لە ئەودا – ئەوە قبوڵ بکەم کە لە ئەودایە
۲. بە ئەو– بژیم بە ئەو
۳. بو ئەو– پێش کەش بکەم بە ئەو
۴. دیدی دیکە
۵. ئەوەی لە سەرمانە بیکەین

پێنجەم: پەیڕەو کردن:

۱. کاتێك گوناهە دەکەین
۲. کاتێك نوێژ دەکەین
۳. کاتێك پەرتووك دەخوێنینەوە
۴. کاتێك خزمەت دەکەین
۵. لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ دەوروبەر

# ئایەتەکانی پەرتووکی پیرۆز کە پێشنیار کراوە

| | | |
|---|---|---|
| پەی ٩:٣٩ | ووت ٢٠،١٩:٣٠ | ئیش ٣:٥٣ |
| زە ٩:٢٢ ،١٠ | زە ١:٢٣ | زە ٥:٣٤ |
| زە ٤:٣٧ | زە ٤:٥١ | زە ٣٤:١٠٤ |
| زە١٣٩: ١٣,١٦ | مەتتا ١:٦ ، ١٠ ، ٣٣ | مەتتا ١٢:٣٣-٣٥ |
| مەر ٣١:٨ | مەر ٣٠:١٢ | لۆ ١٢: ٢٢-٣١ |
| یۆ ٨: ٣٤ | یۆ ١٢: ٢٠-٢٦ | یۆ ١٦:١٣ |
| یۆ ١٤:٦،١٩ | یۆ ١٧: ٢٣ | یۆ ٢٠ : ٢٠ |
| یۆ ٢١: ١٥ | یۆ ٣١: ١٥ | یۆ ٥:١٥ |
| ڕۆ ٦:١-١٣ | ڕۆ١٢:١ | ڕۆ٧:٤ |
| ڕۆ ٨:٣٧ | ڕۆ ٧:٢٤،٢٥ | ڕۆ١١:٣٦ |
| ڕۆ ١٤:٨،٩ | ١کۆ ١:٣٠ | ١کۆ٢:١٦ |
| ١کۆ٣:٩ | ٢کۆ١:٥،٧ | ٢کۆ٢:١٤ |
| ٢کۆ٣:١٨ | ٢کۆ٤:٧ | ٢کۆ٥:١٤،١٥،٢١ |
| ٢کۆ ٥:٢٠ | غە٢:٢٠ | غە ٤: ١٩ |
| غە ٥: ٢٤ | غە ٦:١٤،١٧ | ئەفە ٢:١٤ |
| ئەفە ٣:١٩ | ئەفە ٤:١٥:١٦ | ئەفە ٦:١٢ |
| فیی ١: ٢١ | فیی ٢:٧ | فیی ٤:١٣ |
| فیی ٣:٨-١٤ | فیی ٤:٤-٧ | کۆ ١:١٠،٢٤ |
| کۆ ٢ : ٢٠ | کۆ ٣: ١- ٤ | عیب ٢:١٤ |
| عیب١٢:٢ | یا ٤: ١- ٣ | ١پەت ٥:٨ |
| ٢پەت ٣:١٨ | ١یۆ ٢: ١٥- ١٧ | ١یۆ٥:٤ |
| بین ٤:١١ | بین ٥: ١٢، ١٣ | |

تێبینییەکان

# پێشەکی

- وەك كوڕی خودا بۆ پاشایەتی دەژین لە ململانێ ی ڕۆحیدا لەگەڵ هێزی خراپە
- لە عیسای مەسیحدا کتێبی پیرۆز بەڵێنی سەرکەوتنمان پێدەدات.

(ڕۆ ٨:٣٧) (بەڵام ئێمە لە هەموو ئەم شتانە لە سەرکەوتووان مەزنترین بەهۆی ئەوەی ئێمەی خۆش دەوێ.)

(ڕۆ١٦:٢٠) (ئەوسا خودای ئاشتی خێرا شەیتان لەژێر پێتان پان دەکاتەوە.)

(بین١٢:١١) (ئەوان بە خوێنی بەرخەکە و بە وشەی شایەتییان بە سەریدا زاڵ بوون و تا مردنیش ژیانی خۆیان خوش نەدەویست)

(١یۆ ٢:١٤) (بۆ ئێوەم نووسی لاوەکان، چونکە بە هێزن، وشەی خوداتان تێدا چەسپاوە، و زاڵ بوون بە سەر خراپە)

(١کۆ ١٥:٥٧) (سوپاس بۆخودا ئەوەی زاڵ بوونمان پێ دەبەخشێت بە هۆی خوداوەندمان عیسای مەسیح)
(٢کۆ ٢:١٤) (سوپاس بۆ خودا، کە بە ڕێوەمان دەبات لە کەژاوەی سەرکەوتنیدا لە مەسیح هەموو ساتێك... چونکە ئێمە بۆنی دا نسقەی خۆشی مەسیح ین)

- تاکو ئەزموونداربین لە زاڵ بوونمان پێویستە فێر بین و دوژمنە ڕاستەقینەکان دیاری بکەین.
- پاشان خۆمان لە ڕێگەی خودا دەدۆزینەوە بە وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە مەسیح و ئەزموونەکەی.

تێبینییەکان:

## یەکەم: دوژمنە ڕاستەقینەکان کێن؟

کتێبی پیرۆز پێناسەی چوار دوژمن دەکات و بانگمان دەکات کە سەرکەوین بەسەریاندا، لە نێوانیاندا مرۆڤی تێدا نییە.چونکە مرۆڤ دوژمنی ئێمە نییە بەڵکو ئەوان جێگەن بۆ خۆشەویستی خودا بۆیان، لەبەر ئەوە لە سەرمانە کە خۆشمان بوێن و قوربانی بدەین لە پێناویاندا (ئەفە ٦:١٢){چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو دژی سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی ڕوحە بەدکارەکانە، هەروەها دژی فەرمانڕەوایانی تاریکی ئەم سەردەمەی جیهانە، دژی سەربازە ڕوحیەکانی شەیتانە لە ئاسمان}.

### • دوژمنی یەکەم: جەستەی گوناهە

بە چەند ناوێکی جیاواز... ئەو دوژمنێکی ناو خۆیی یە

#### ١- مرۆڤە کۆنەکە

- (ڕۆ ٦:٦){ ئەمە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکە مان لەگەڵ مەسیح لەخاچدرا، تا لەشی گوناهبارمان پەکی بکەوێت و ئیتر بەکۆیلەیی گوناهە نەمێنینەوە}.
- (کۆ ٣:٩){درۆ مەکەن لەگەڵ یەکتری، چونکە مرۆڤە کۆنەکە و هەموو کردارەکانیتان داکەندوە}.
- (ئەفە ٤:٢٢)}بۆ داکەندنی مرۆڤە کۆنەکە کە بە گوێرەی ڕەفتاری پێشووتانە، گەندەڵە بە هۆی ئارەزووە ساختەکانی}.

#### ٢- جەستەی گوناە یاخود جەستە

- (ڕۆ ٦:٦){ئەمە دەزانین:مرۆڤە کۆنەکە تیاماندا لە خاچدرا لەگەڵ مەسیح، تا لەشی گوناهبارمان نەمێنیت وئیتر بە کۆیلەیی گوناە نەمێنینەوە }.
- (غەلا ٥:٢٤) {ئەوانەی سەر بە عیسای مەسیحن، خواست و ئارەزووەکانی لەشیان لە خاچداوە}.

تێبینییەکان

### ٣- گوناهە کە نیشتە جیّ یە تیاماندا

- (ڕۆ ٧:١٧) {ئێستا ئیتر ئەوە من نیم وا دەکەم، بەڵکو ئەو گوناهەیەی لەمن نیشتەجیّ یە}
- (ڕۆ ٧: ٢٠) گەر هاتوو شتێکم کرد کە نامەوێت، ئیتر ئەوە من نیم ئەو شتە دەکات، بەڵکو ئەو گوناهەیە کە لە من نیشتەجێیە.)
- (ڕۆ ٧:٢٣، ٢٤)} بەڵام یاسایەکی دیکە لە ئەندامانی لەشمدا دەبینم، بەربەرەکانی یاسای بیرمان دەکات، دەمکات بە دیلی یاسای گوناهە کە لە ئەندامانمدایە. ئەی منی مرۆڤی بەدبەخت! کیّ لەم لەشەی مردن ڕزگارم دەکات؟}

وە ئەمە دەستەبەر دەکەین لەم لێکوڵینەوەیەدا کە لێوان لێو لیّ ی دەڕژێت لێرەدا

### • دوژمنی دووەم : شەیتان

ئا ئەوە دوژمنی ڕۆحی سەرەکی یە دەرەوە

- ( ١پەت ٥:٨)}چاو کراوە بن و ئێشك بگرن، چونکە شەیتانی دوژمنتان وەك شێرێکی بە نەڕەنەڕ لە دەورو پشتتان دەسووڕێتەوە، دەگەڕێت بە دوای یەکێك تا بیخوات }
- (ئەفە ٦:١١)}خۆتان چەکدار بکەن بە چەکی تەواوی خودا، تا بتوا نن بەرامبەر پلانەکانی شەیتان خۆتان ڕاگرن}

( لێکوڵینەی ململانیّ ی ڕۆحی لە سەرکەوتن بەسەر شەیتاندا بە سەربکەرەوە)

### • دوژمنی سێیەم: جیهان

☒ بەو مانەیەی کە شەیتان بەها وپرەنسیپەکان فەرمانڕەوایی پیّ دەکات بە سەرجیهان دا. چونکە ئەو سەرۆکی ئەم جیهانەیە.

☒ جیهان بەو مانایەی خۆشەویستی شتەکان کە لە جیهاندایە.

- (١یۆ ٢:١٥)}نە جیهانتان خۆشبوێت، نە ئەوشتانەی تیایەتی، چونکە گەر یەکێك جیهانی خۆش بوێت، ئەوا خۆشەویستی باوکی ئاسمانی تێدا نییە}.


تێبینییەکان:

- (یا ٤: ٤)}ئەی داوێن پیسان، ئایا نازانن خۆشەویستی جیهان دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا؟ ئەوەیٚ بیەوێت ببێت بە خۆشەویستی جیهان، ئەوەتا بووە بە دوژمنی خودا}.
- (١یۆ ٥:٤)}چونکە هەرکەسێك لە خودا لە دایك بوو بێت بە سەرجیهاندا سەردەکەوێت، ئەوەش بەسەر جیهاندا سەردەکەوێت، باوەڕمانە}.

## • دوژمنی چوارەم: مردن

- (١کۆ ١٥:٢٦)}ئیتر دوا دوژمن کە لە ناو دەبریٚ مردنە }
- (١کۆ ١٥:٥٤) (کاتیٚ فەوتاو نە فەوتاوی دەپۆشێت و مردن نەمرێت دەپۆشێت، ئەوسا ئەوەی لە پەرتووکی پیرۆزدا نووسراوە دێتە دی: (سەرکەوتن مردن ی قووتدا).
- (١کۆ ١٥:٥٥) (ئێتر ئەی مردن کوا سەرکەوتنت؟ ئەی گۆڕ کوا پێوە دانت؟)
- (١کۆ ٥٦:٥٧، ١٥) (پێودانی مردن گوناهەیە، هێزی گوناە شەریعەتە، بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بە هۆی عیسای مەسیحی خوداوەندمان)
- (عیب٢: ١٤، ١٥) (چونکە ڕۆڵەکان لە گۆشت وخوێن هاوبەشن، لەبەرئەوە مەسیح خۆی بوو بە مرۆڤ، تا بەشداری سروشتی مرۆڤایەتیمان بکات، تا بە مردنی خۆی لە ناوی ببات ئەوەی دەسەلاٚتی مردنی هەیە، وا تە شەیتان بەمەش ئەوانە ڕزگار بکات کە بە درێژایی ژیانیان ترسیان لە مردنەو ملیان کەچ کردبوو بۆ کۆیلایەتی)

**وێنەی ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی (جەستەی گوناە... جیهان... شەیتان... مردن)**



تێبینییەکان:

## دووەم – مردن لەگەڵ مەسیحدا

{ئینجا عیسا دەستی کرد بە فێرکردنیان، کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازار بچێژێت وپیران و سەرۆك کاهینەکان و ماموستایانی شەریعەت ڕەتی بکەنەوە، هەروەها بکوژرێت و لە ڕۆژی سێهەم زیندوو ببێتەوە.عیسا ئەم باسەی زۆر بە ئاشکرا بۆ باسکردن، پەترۆسیش بردیە لاوە و سەرزەنشتی کرد، وتی:(لاچۆ لە بەردەمم ئەی شەیتان، تۆ بیرت لای شتی خودایی نییە و بیر لە شتی مرۆڤانە دەکەیتەوە). ئینجا عیسا قوتابیەکانی وخەڵکەکەی بانگ کرد و پێی ووتن: (**ئەوەی دەیەوێت بەدوامەوە بڕوات، با واز لە خۆی بهێنێت و خاچی خۆی هەڵگرێت و دوام کەوێت.**) چونکە ئەوەی بیەوێت ژیانی ڕزگار بکات دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی دەدۆڕێنێت لە پێناوی من ومزگێنی، ئەوە ژیانی ڕزگار دەکات، چونکە چی بە کەڵکی مرۆڤ دێت، ئەگەر هەموو جیهان بەرێتەوە، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت؟ یان مرۆڤ چی پێش کەش بکات بۆکڕینەوەی خۆی؟} (مەر ٣١:٣٧، ٨).

باشە چی بڵێین؟ بەردەوام بین لە سەر گوناهە کردن بۆ ئەوەی بەرەکەتی خودا زیاد بێت؟ نەخێر! ئێمە کە **گوناه تیاماندا مردووە**، ئیتر چۆن تیاماندا دەژین؟ ئایا نازانن کاتێ ئێمە هەموومان لە ناو هەڵکێشراین لە عیسای مەسیح، ئەو لە ئاوهەڵکێشانە لە مردنی ئەودا بوو؟ جا لە بەر ئەمە بە لە ئاو هەڵکێشانمان لەگەڵ ئەو لە مردن نێژراین، تا چۆن باوك بەمە شکۆمەندیەوە مەسیحی لە نێوان مردووان زیندوو کردەوە، ئاوا ئێمەش لە سەر ژیانێکی تازە دەڕۆین. گەر ئێمە لەگەڵ ئەو لە مردنی یەکمان گرتبێت، ئەوا بێ گومان لە زیندوو بوونەوەشی دەبێت لەگەڵی یەك بگرین، ئەمە دەزانین کە: مرۆڤە کۆنەکە تیاماندا لە خاچ درا لەگەڵ مەسیح، تا لەشی گوناهبارمان نەمێنێت و ئیتر بە کۆیلەیی گوناهە نەمێنینەوە. چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد بوو. ئینجا لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەسیح مردووین، ئێمە باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین، چونکە ئێمە دڵنیاین مەسیح لە ناو مردووان هەستاوەتەوە، جارێکی دیکە نامرێتەوە. ئیتر مردن دەسەلاتی بەسەریدا نییە چونکە ئەو مردنەی مرد، بو گوناه مرد یەکجار، بەڵام ئەو ژیانەی دەژێت بۆخودا دەژێت. ئیتر ئێوەش، خۆتان بە مردوو دا بنێن سەبارەت بە گوناه، هەروەها بە زیندوو بۆ خودا لە عیسای مەسیحدا. کەواتە مەهێڵن گوناه حوکمڕانی لەشی لەناوچووتان بکات، تا ملکەچی ئارەزووەکانی بن. ئەندامانی لەشتان پێشکەش مەکەن بۆ گوناه، تا ببێت بە ئامێرێك بۆ خراپەکاری، بەڵکو خۆتان پێشکەشی خودا بکەن، چونکە ئێوەی لە مردنەوە بۆ ژیان هێناوە، ئەندامانی لەشتان بۆ خودا دانێن وەك ئامێرێك بۆ ڕاست و دروستی} (ڕۆ ٦: ١- ١٣)

- {گەر ئێوە لەگەڵ مەسیح هەستاونەتەوە، هەوڵ بدەن بۆ کاروباری ئاسمانی، مەسیح لەوێ لە لای دەستە ڕاستی خودا دانیشتوە. بایەخ بە کاروباری ئاسمانی بدەن، نەك بە کاروباری سەر زەوی، **چونکە ئێوە مردن**، هەروەها ژیانتان شارراوەتەوە لەگەڵ مەسیح لای خودا. کاتێ عیسا ئەوەی ژیانتانە دەرکەوت، ئەوسا ئێوەش بە شکۆمەندی لەگەڵی دەردەکەون.} (کۆ۳: ۱– ٤)

- {**لەگەڵ مەسیح لە خاچ دراوم**، ئیتر من نیم ئەوەی دەژی، بەڵکو مەسیحە لە من دەژی} (غەلا ۲:۲۰)

- ئا ئەوەیە ئەزموونی بنەڕەتی لە ژیانی باوەڕداران بە مەسیح، کە کتێبی پیرۆز دەری بڕیوە لە پەیمانی نوێدا لە سۆنگەی بەشە جیاوازەکانیدا بە هەموو ڕێگەیەك.

- هەرچەندە ئەم وشانە دەربڕی جۆرێکی تایبەت لە ژیان نین و باسی ئاستی بەرزی باوەڕدار بە مەسیح ناکات بەتەنها ، بەڵام پێوەرێکی سروشتیمان پێش کەش دەکات کە خودا دەیەوێت بۆ هەر یەکێك لە ئێمە.

- خودا بە ڕوونی لە ووشەکەیدا یەك وەڵامی هەیە کە وەڵامێکی تاقانەیە بۆ پرسیارەکانی هەموو ئادەمیزاد ئەوەش{عیسای مەسیح ی ڕۆڵەکەیەتی}.

- وە لە هەموو مامەڵە کردنەکانیدا لەگەڵمان کار دەکات کە (خود) لابەرێت لە ڕێگاکەدا و مەسیح دابنێت لە جێگەکەیدا.

- چونکە کوڕی خودا مرد لە جیاتی ئێمە لە سەر خاچ لە پێناوی لێخۆشبوونی گوناهەکان.

- ئێستاش دەژێت تیاماندا بۆ ئەوەی ئازادمان بکات لە دەسەڵاتەکەیدا، پاشان دەتوانین قسە بکەین لە سەر دوو جێگرەوە:

- جێگرەوەی لە سەر خاچ کە لێخۆش بوون و ئازادیمان بۆ دەستەبەر دەکات.

- جێگرەوەی ناخمان کە ژیان و سەرکەوتنمان بۆ دەستەبەر دەکات.

- جا هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنمان لە هەوڵەکانمان کە بژین لەگەڵ خودا، بنەمای ڕاستەقینەی دوای ۹۰٪ی کێشە ڕۆحێەکانمان ئەوەیە کە ئێمە ئەم (ڕاستیە) ناچەقێنینە چاومان وە کاتێ ئەو زیندوو نییە لە ژیانماندا.

- چونکە بانگەوازی خودا بۆمان تەنها ژیان نییە و بە بێ مردن، بەڵام بانگەوازە بۆ ژیان، کە لە سەرمانە تیایدا یەکەمجار مردن پەسەند بکەین لەگەڵیدا... تا بژین تیایدا.

تێبینییەکان:

- خودا لە سەرەتای پەیدابووندا فووی ژیانی دا بە ئادەم کە پیّ ی بژی، بەلاّم کە ئادەم گوناهەی کرد خودا پلانی هەبوو کە نەك تەنها فووی نویّ بۆ ژیان، بەلّکو کورەکەی... ڕۆحی... ژیانی... بداتیّ...
- مەسیح بەرجەستە بوو تا وەك یەکێك لە ئێمەی لیّ بێت...تا لە جیاتی ئێمە یەکلا کەرەوە بێت... و بەم شێوەیە هەنگاومان پیّ دەنێت بەرە و ژیان. بەلاّم یەکەم جار، لە ڕێگەی مردنەوە کە هەر یەکێك لە ئێمە بمرێت لە گوناهەکانیدا.
- لە بەر ئەمە مەسیح مرد و هەلّسایەوە کە یەك بگرین لەگەلّیدا لە مردنیدا، هەروەها لە هەستانەوەیدا وامان لێدێت بژین تیایدا.
- {بەلّکو خۆی کردە هیچ و شێوەی کۆیلەی وەرگرت، وەکو مرۆڤی لێهات، هەروەها لەگەلّ ئەوەی ئەو لە شێوەی مرۆڤ بینرا، خۆی نزم کردەوە و ملکەچ بوو تا مردن، مردن لەسەر خاچ} (فیلیپی ٢: ٧، ٨)
- چونکە ڕۆلّەکان لە گۆشت وخوێن هاوبەشن، لەبەر ئەوە مەسیح خۆی بوو بە مرۆڤ، تا بەشداری سروشتی مرۆڤایەتیمان بکات، تا بە مردنی خۆی لە ناوی ببات ئەوەی دەسەلاّتی مردنی هەیە واتە شەیتان} (عیب ٢:١٤).
- لەبەر ئەوە ئەزموونی باوەڕمان بە مەسیح هەمان ئەزموونی خوداوەندمان عیسایە کت ومت کە مردنی و هەستانەوەیەتی.

**هۆکاری سەرەکی دوراندنمان لە هەولّەکانماندا کە بژین لەگەلّ خودا و بنەمای ڕاستە قینەی دوای ٩٠٪ ی کێشە ڕۆحیەکانمان ئەوەیە کە ئێمە ئەم ڕاستیە لەبەر چاو ناگرین وە ئەو واتە مەسیح زیندوو نییە لە ژیانماندا.**

تێبینییەکان

## سێیەم: ئەزموونی مردن لەگەڵ مەسیح

{گەر ئێمە لەگەڵ ئەو لە مردنی یەکمان گرتبێت...} (ڕۆ ٦:٥).

مردن بە تەنها سزای گوناهە و بەرووبوومەکەی نەبوو... یا خود لە بەرامبەریدا چەسپاندنی دادوەری لەڕاستیدا.بەڵکو بووە گرنگیەك بۆ گەڕانەوەی دەستپێکی ژیانێکی نوێ.

- دەبوو کۆنی گەندەڵ بمرێ تاوەکو بە بەهرەکانی خوداوە ژیانێکی نوێ بژی.
- دەبوو ئێمە بمرین لە گوناهە... تا لە چاکەدا بژین.
- دەبوو جەستەی گوناهە کە بووینە کۆیلەی بمرێت تاکو ئازاد بین لێی.
- {چونکە ئەوەی مرد لە گوناهە ئازاد بوو} (ڕۆ ٦:٧)
- دەبوو بمرین لە خودی خۆماندا تا وەکو ژیانی مەسیح پەسەند بکەین تیاماندا.

### بەم شێوەیە خاچ بوو کە چارەسەر و تاقە ڕێگا بوو بۆ ئەمە.

– لە مردنی مەسیحدا دوو ڕاستی بنەڕەتی دەبینینەوە:

١. **خوێن**: ئەوەی کە بوە لێخۆشبوونی هەموو گوناهەیەك (ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی مەسیح قسەمان لەسەری کردوە)

٢. **خاچ**: بۆ لە خاچدانی جەستەی گوناهە.

(ڕۆ ٧:٢٤) {[٢٤] ئەی منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ لەم لەشەی مردن ڕزگارم دەکات؟} (واتە کێ ڕزگارم دەکات لەو گوناهەیە تیامدا نیشتەجێیە؟)

(مەت ١٢: ٣٣– ٣٥) {وابکەن دارباش بێت، بەرووبوومی باش دەدات.یاخود وابکەن دارخراپ بێت بەرووبوومی خرپ دەدات، چونکە داربە بەرووبوومی دەناسرێ، ئەی بێچوەماران، چۆن دەتوانن بە چاکی بدوێن، کەخۆتان خراپ بن؟ دەم ئەوە دەڵێت کەلەدڵ هەڵدەقوڵێ، مرۆڤی بەدیش، لە گەنجینەی بەد، شتی بەد دەردەهێنێ.} .

کێ ئەم گەنجینە بەدە چاك دەکاتەوە؟

کێشەکە لێرەدایە لە خودی خۆمدا، پۆڵسی نێرراو ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت لە وتەکەیدا، {ئەو گوناهەیەی تیامدا نیشتەجێ یە} (یان تیامدا ماوەتەوە)

تێبینییەکان:

## جیاوازی هەیە لە نێوان گوناهە و گوناهەکان...

- **گوناهە** نیشتەجێ یە تیامدا... ئەوەیە کە ئارەزووی گوناهە دەکات لە ناخمدا... سروشتی گەندەڵ.
- **گوناهەکان** ئەوەیە کردەوەکانە... خراپەکانە... تاوانەکانە (کەدەیکەم)و ئێمە زۆرجار دەجەنگێین لەگەڵ کردارەکان... کە لەڕاستیدا پێویستە لەسەرمان سەرچاوەکە چارەسەر بکەین هەتا بەرووبوومەکە بگۆڕێت {دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵ هەڵدەقوڵێت} (مەت ١٢:٣٤).

کەواتە دوژمنی ڕاستەقینە گوناهەیە نەك خراپەکان. مرۆڤی گەندەڵ بەپێی ئارەزووە هەوەس بازیەکانیەتی.

## کێیە مرۆڤە کۆنەکە... جەستەی گوناهە؟

با پێکەوە بچین بۆ باخچەی عەدەن... بۆچی حەوا وەڵامی مارەکەی دایەوە؟
کە هۆکارەکەمان بۆ دەرکەوت چارەسەر دەدۆزینەوە.
هۆکار ناوەڕۆك و ناخە لە مرۆڤدا... {کە مرۆڤ بیکاتە چەقی ژیانی}
ئا ئەو نمایشە بوو کە شەیتان پێشکەشی حەوای کرد... {چاوتان دەکرێتەوە وەك خوداتان لێدێت}کە ناخت (خۆویست) دەبێت وا لە گیانت دەکەیت {لووت بەرز بیت}.
ناوەڕۆکی خود لەمرۆڤدا وەکو دراوێك وایە دوو ڕووی هەیە:
خۆویستی، لووت بەرزی... من یەکەمم... من گرنگم. من ئامانجم... و هەروەها ئامرازیش... ئا ئەمەش پەرستنی ناخە.
{بەوەی ڕاستی خودایان بەدرۆ گۆڕیەوە و دروستکراویان پەرست و خزمەتیانکرد لەجیاتی دروستکار، ئەوەی تاهەتایە پیرۆزە. ئامین.} (ڕۆ ١:٢٥)
ئا ئەوە ئەو ئاڕاستەیەیە کە دڵی مرۆڤ گەندەڵ دەکات... مرۆڤ وای لێ هات سەربەخۆی بێت و بۆ خودی خۆی و لە خودی خۆیدا بێت...
هەموو خراپەکان هەڵدەقوڵێ لە ناوەڕۆکی خود (خۆویستی و لووت بەرزی)
(ئەفە ٤:٢٢) بۆ داکەندنی مرۆڤە کۆنەکە بە گوێرەی ڕەفتاری پێشووتانە، گەندەڵە بە هۆی ئارەزووە ساختەکانی)
(کۆ٣: ٩، ١٠) {درۆ مەکەن لەگەڵ یەکتری، چونکە مرۆڤە کۆنەکە و هەموو کردارەکانیتان داکەندوە و مرۆڤێکی نوێتان لەبەرکردوە، ئەوەی لە نوێ بونەوەیە لە ناسین بە پێی وێنەی دروستکاری}

تێبینییەکان

(یا ٤: ١ – ٣) {هۆی ئەم دوژمنایەتی وناکۆکییە چییە لە ناوتان؟ ئایا بە هۆی ئارەزووە خراپەکانی ئەندامانی لەشتان نییە کە دەجەنگێت لەگەڵتان؟ ئارەزوو دەکەن و دەستتان ناکەوێ ئەوسا دەکوژن.چاوتان لە ماڵی خەڵکە و ناگەنە مەبەستی خۆتان، ئەوسا دوژمنایەتی وشەڕ دەکەن.ئەوەی دەتانەوێ دەستتان ناکەوێت، چونکە لە خودا داوا ناکەن.گەر داواشتان کرد وەری ناگرن، چونکە بە مەبەستی خراپ داوای دەکەن، تا ئارەزووەکانی خوتانی پێ تێربکەن}.

کەواتە دوژمن خود نییە بەڵکو ناوەڕۆکی خودە... پەرستنی خود (خۆویستیەکانم و لووت بەرزیم) (ئارەزووە فریودەرەکانم). بانگەوازەکە لێرەدا بۆ خۆکوشتن نییە بەڵکو مردن لە ناخدا

ئەمەش تەنها کێشەی بێ باوەڕان و گوناهباران نیە بە تەنها بەڵکو گوناهەی باوەڕدارانیش...بۆ نموونە لەبارەی کێشەی لێنەبووردن...ئایا بە هۆی لووت بەرزیەوە نییە؟ (لوت بەرزیم... ڕێزم).چییە کە خزمەت گەندەڵ دەکات زۆر جاران لە کلێسادا؟ ئایا کێشمەکێش و ململانێ ی پلەوپایە و... حەزکردن بە دەرکەوتن و خۆدەرخستن نییە... ناوەندێتی خود...خۆویستی).
پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: {بەڵکو ئەوەی دیەوێت مەزن بێت لە ناوتان، با ببێت بە خزمەتکارتان} (مەر ١٠ :٤٣)
(یۆ١٢: ٢٤– ٢٦) ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: دەنکە گەنم هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، گەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێ، بەڵام کە مرد ئەو کاتە بەرووبوومی زۆر دەبێت ئەوەی ژیانی خۆی خۆش بوێ، دەیدۆڕێنێ.ئەوەش کە ڕقی لە ژیانی خۆی دەبێتەوە لەم جیهانەدا، دەیهێڵێتەوە بۆ ژیانی هەتاهەتایی}.
وە ژیان لە مردنەوە دەست پێدەکات...کێشەکە ئەوەیە ئێمە نامانەوێت بمرین چونکە لە ناخماندا ناوەڕۆکی خود (خۆویستی ولووت بەرزی) هەیە.
باشە چۆن مرۆڤە کۆنەکە چاك بکەم!! وەڵام ئەوەیە... کەبیمرێنم، وە ئەگەر نەمرم هەستانەوەم نابێت.
(ڕۆ٦:٣–٨) {[3] ئایا نازانن کاتێ ئێمە هەموومان لەئاوهەڵکێشراین لەعیسای مەسیح، لەگەڵ ئەو یەکدەگرین لەمردنیدا؟ جا لەبەرئەوەی لەگەڵ مەسیح مردووین، باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین. تا چۆن باوك بە شکۆمەندیەوە مەسیحی لە نێو مردووان زیندوو کردەوە، ئاوا ئێمەش لەسەر ژیانێکی تازە دەڕۆین. گەر ئێمە لەگەڵ ئەو لە مردنی یەکمان گرتبێت، ئەوا بێ گومان لە زیندوو بوونەوەشی دەبێت لەگەڵی یەك بگرین. ئەمە

تێبینییەکان:

دەزانین: مرۆڤە کۆنەکە تیاماندا لە خاچدرا لەگەڵ مەسیح تا لەشی گوناهبارمان نەمێنێت و ئیتر بە کۆیلەیی گوناه نەمێنینەوە. چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد بوو. جا لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەسیح مردووین، ئێمە باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین}.

**جا کێیە کە لە گوناهە ئازاد بوو؟... ئەوەی مردبێت تاوان بوو و ئازاد بوو.**

(ڕۆ٦:١١) {ئیتر ئێوەش خۆتان **بەمردوو دابنێن سەبارەت بەگوناهە**، هەروەها بەزیندوو بۆ خودا لەعیسای مەسیحدا.}

کەواتە مردن تاقە دەرمان و چارەسەرە...

لە خاچدانی مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ مەسیح بێ پەسەند بێت وە ئەم دروشمەمان هەبێت (لەگەڵ مەسیح لە خاچدراوم).

ئەگەر ئێمە مردووین لەگەڵ مەسیح

لەم ئەزموونەپیرۆزەدا سێ هەنگاوی دیاریکراو دەبینمەوە:

**١- کە فێر بین ٢- کە پەسەندی بکەم ٣- کە ڕێگەکەی بگرمە بەر**

١- کە فێر بین

هەمیشە کتێبی پیرۆز لەم بارەیەوە کە قسە دەکات بە کرداری ڕابردوو دەدوێت، هەر وەك بلێ ئاگادارمان دەکاتەوە کە

{یەکێك لە جیاتی هەموو خەڵك مرد، ئیتر هەموو خەڵك **مردن**} (٢کۆ٥:١٤)

ئەمە دەزانین: مرۆڤە کۆنەکەمان تیاماندا **لە خاچدرا لەگەڵ مەسیح** (ڕۆ ٦:٦)

{چونکە ئێوە **مردن** و ژیانتان شارراوەتەوە لەگەڵ مەسیح لای خودا} (کۆ٣:٣)

{من لەگەڵ مەسیح **لە خاچ دراوم**، ئیتر من نیم ئەوەی دەژی ،بەڵکو مەسیحە لەمن دەژی} (غە ٢:٢٠)

- ☒ ئایا ئێستا تۆ هەست دەکەیت کە ئەوەی؟
- ☒ ئایا دەتوانی ئەم ڕاستیە لە لەخاچدانی مەسیحدا ببینیتەوە؟
- ☒ ئایا دەتوانی خۆت بە هەڵواسراوی ببینیتەوە لە گەڵیدا؟
- ☒ ئایا دەتوانی لەگەڵ پۆڵس دا بلێ ی {من لەگەڵ مەسیح لە خاچدرام؟}

٢— کە پەسەندی بکەین

{گەر ئیمە لەگەڵ ئەو لە مردنی یەکمان گرتبێت} (ڕۆ ٦:٥)

{چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد بوو (ئازاد بوو، چاك بوونەوەی وەرگرت)

گەر ئێمە مردین لەگەڵ مەسیح باوەڕ دەکەین کە هەروەها زیندوو دەبینەوە لەگەڵیدا}
(ڕۆ ٦:٧)

خودا بانگمان ناکات کە خۆمان ئەم کارە درووست بکەین و دەستە بەری بکەین، بەڵکو ئەو دەستەبەری کردوو دروستی کرد لە خودی خۆیدا لەسەر خاچ، و بانگمان دەکات کە ئەو پەسەند بکەین کە ئەو پێشکەشی کردین. هەروەك چۆن ئاسانیش نییە مردنی ڕاستەقینەمان پێ پەسەند بکرێت، بەڵام ئەوە گرەنتی ڕاستەقینەی پەسەند کردنمانە بۆ مردنی مەسیح لە پێناوماندا، کە ڕاستیەکە ئەوەیە پێمان پەسەند بێت کە بمرین لەگەڵ ئەو.جا هەر یەك لە ئێمە ئەو شتەی کە زۆر دەستی پێوە دەگرێت ئەوەیە ئایا بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە.

{چونکە ئەوەی بیەوێت ژیانی ڕزگار بکات،دەی دۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی دەدۆڕێنێت لەپێناوی من و مزگێنی، ئەوە ژیانی ڕزگار دەکات} (مەر ٨:٣٥)

بەڵام پەرتووکی پیرۆز لێرەدا بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنی کە ئەگەر مردن پەسەند نەکەین ناتوانین ژیان پەسەند بکەین.

٣— کە ڕێگەکەی بگرینەبەر

{ئیتر ئێوەش،خۆتان بەمردوو دابنێن سەبارەت بە گوناه} (ڕۆ ٦:١١)

{هەتا زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین} (٢کۆ ٥:١٥)

{گەر ئێوە مردوون لەگەڵ مەسیح سەبارەت بە یاسا سەرەکیەکانی ئەم جیهانە، بۆچی وا دەژین هەروەك سەر بەم جیهانە بن؟} (کۆ ٢:٢٠)

- **کە بەو شێوەیە بژین کە لەسەر ئەم ڕاستیە دامەزراوە ئەویش ئەوەیە پەسەندمان کردوە زانیمان.**
- **کە زیندوو بینەوە و ئەوە بگرینە بەر کە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە**
- **کە بەڕاستی خودی خۆمان ڕەت بکەینەوە کە دەرچینە دەرەوە لە خودی خۆمان ئەمەش بەم مانایە:**

تێبینییەکان:

ڕۆحی
أ- کە بمرین لە هەموو ئەوانەی کە دەمانەوێت دەستەبەری بکەین **بۆ خودمان**
ماددی

ب- کە بمرین لە هەموو ئەوانەی کە دەمانەوێت دەستەبەری بکەین **بە خودمان** بۆ خودا و کەسانی دیکە.

## أ - بۆخودمان:

- **بەشێوەی ڕۆحی:**

زۆر ژیاین بۆخودی خۆمان بە شێوەی ڕۆحی، وامان زانی بە مە خودا ڕازی دەکەین بە گرنگیدانمان بە ژیانی ڕۆحی، هەموو هیوامان ئەوەیە لە ئاستێکی باشتر و پلەیەکی ڕۆحی بەرزتردا بین،وە ڕاسپاردەکە بە دەست بهێنین. بەم شێوەیە وامان لێ هات لە ناوکێشە وپێویستیە ڕۆحیەکاندا بژین... هەر دەسوڕێنیەوە سەرلە نوێ بەچواردەوری خودی خۆماندا بەلاَم بە شێوەی ڕۆحی، لەکاتێکدا پەرتووکی پیرۆز دەڵێ: {ئەو لە پێناوی هەمووان مرد هەتا زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین، بەڵکو بۆ ئەوەی لە پێناویان مرد و هەستایەوە} (٢کۆ ٥: ١٥).

لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی بژین لە پێناوی ئەوەدا... یان بژین بۆ ژیانی ڕۆحیمان. لێرەدا جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی گرنگی دان بە خودا یا خود گرنگی بە هەڵپەکردنی ڕۆحی، لە نێوان ئەوەی لە ئەودا بژین یا خود لە خودی خۆماندا بژین وە پەرتووکی پیرۆز دەڵێت: {ئاوا مردن لە لایەن شەریعەتەوە... تا بەرووبوم بدەین بۆخودا} (ڕۆ ٧: ٤ ، غە ٢: ١٩)

بەڵێ من مردم لە لایەن شەریعەتەوە، ئیتر بەو شێوەیە ناژیم بۆ دەستەبەرکردنی ڕاسپاردە. پەیوەندیشم پێوەی بەو شێوە نییە، بەڵکو دەژیم بۆ خودا، پەیوەندیم لەگەڵ ئەودایە...ژیانم لە ئەودایە نەك لەگیانی خۆم یاخود بۆ وەدەست هێنانی ڕاسپاردە.

زۆرجار چەقی گرنگیدانمان ژیانی ڕۆحی بووە، ئەو جێگەیە بووە کەچاودێری بکەین و تەوەری نوێژکانمان وتێکوشانی ڕۆحیمان بووە، ژیانمانی واگۆڕیوە کە ئامانجمان ئەوەبێت لە پێناویدا بژین... تا وای لێ هاتوە ببێت بە خودا و بیپەرستن و تیایدا بژین. ئێمە بانگ کراوین نەك بۆ شەریعەت بژین (ڕاسپاردە) بەڵکو خوداوەندمان خۆش بوێت و خواستەکانی بەدەست بهێنین، ئا ئەمە ڕاسپاردەکەیە کە ئەومان خۆش بوێت... کە گرنگی بە ئەو بدەین... کە لە ئەوەدا بژین.

{ئەوەی مەبەستی منە ناسینی مەسیح و هێزی هەستانەوەیەتی، هەروەها بەشداری بکەم لە ئازاری، وەك ئەوبم لە مردنی} (فیلیپی ٣: ١٠).

{شادومانیم لەوەدایە کەخواستی تۆ جێبەجێ بکەم ئەی خودای من} (زە ٤٠: ٨)

• ماددی

چەندجار وامان دانا کە پەرۆش بوونمان بۆ ماددە لە ژیاندا وە پێناسە کردنی کەسایەتیمان وە بەدەست هێنانی ئەم شتانە بۆ ناخمان پێچەوانەیە لەگەڵ پەیوەندی ڕۆحیمان لەگەڵ خوداوەند. وامان دەزانی گرنگیدانەکانمان پلەوپێگەی خۆی هەیە بۆمان... گرنگیدانەکانمان بۆ گرەنتی دەستەبەرکردنی ئایندەمان جودایە لەگەڵ هاوبەشی کردنمان لەگەڵ خوداوەند. بەڵام پۆڵس لە بارەی خاچی عیسای خوداوەندمانەوە دەڵێت:{کەبە هۆی ئەوەوە جیهان سەبارەت بەمن لە خاچ دراوە، هەروەها منیش سەبارەت بە جیهان لە خاچدراوم}

(غە ٦:١٤) لە بارەی مردنی جیهان سەبارەت بە ئەو هەروەها مردنی ئەو سەبارەت بەجیهان دەڵێت. ئیتر شتە ماددیەکان شایەنی ئەوە نین کەلەپێناویدا بژی چونکە لە بەرچاوی کەوتووە بگرە لە دڵیدا مردووە. ئێمەش بەو شێوەیە مردین لە بەر چاوی ناخمان، ئیترمافی ئەوەمان نییە هەوڵی بۆ بدەین یان بۆ ئەو بژین.

ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو شتانەی خودا پێمان دەدات بەکاری نەهێنین بۆخزمەتی و ڕاگەیاندنی شکۆمەندیەکەی، بەڵکو مانای ئەوەیە هەموو ئەم شتانە ببنە ئامراز و بەکارهێنەرێك خودا بەکاری بهێنێت لە ژیانماندا. با لە ئەوەوە بێت... بە کار بێت بۆ ئەو... و بۆ شکۆمەندی ئەو، بەڵێ {نە جیهانتان خۆش بوێت،نە ئەو شتانەی تیایەتی، چونکە گەر یەکێك جیهانی خۆش بوێت، ئەوا خۆشەویستی باوکی ئاسمانی تیادا نییە} (١یۆ١٥:١٧، ٢).

ئەوەش سەربڕینی پەرۆش بوون نیە بە یەکجاری بۆ ژیان، وە بەڵام ئاراستەی پەرۆش بوونەکە بۆ ڕاگەیاندنی شکۆمەندی خودا بێت لەژیانمدا نەك بۆ (خود) ناخم.

## ب- بە خود مان "ناخمان"

• بۆ خوداوەند وە بۆ خەڵکی

زۆر جار ناخمان ئامەزرۆ بووە بۆ وەدەست هێنانی شتی مەزن بۆ خوداوەند یان بۆ خەڵکانی دەوروبەرمان، وە بە پەرۆش بووینە کە هەموو توانستەکانمان بەکار بهێنین بۆ تەواو کردنی ئەم مەبەستە، وە ئێمە وا دەزانین کە دەتوانین شتێکی چاکە بکەین بۆ خوداوەند بە پشت بەستن بە خودی خۆمان.

بەڵام خوداوەندمان عیسا دەڵێت: " کێ لەمندا بچەسپێت و منیش لەو، ئەو بەرهەمی زۆر دەهێنێت. چونکە بێ من ئێوە ناتوانن هیچ شتێ بکەن."(یۆ١٥:٥). بەڵێ چەند هەوڵماندا بە پێچەوانەی ئەم ئایەتەوە بچەسپێین" کە شتێك بکەین بۆ خودا بە بێ خودا" بە خودمان (ناخمان) جا کۆبوونەوەی نوێژی خەیاڵی شایەتە بۆ ئەمە. خزمەتی بێ بەرووبووم دیسانەوە ئەمە دەسەلمێنێ "لەکاتێکدا ببینە ئەوەی کەلە ئەودا بین بەرووبوومان بۆی دەبێت

تێبینییەکان:

دەڵێین: " توانام هەیە هەموو شتێك بە هۆی مەسیح بکەم، ئەوەی بە هێزم دەکات."(فیلیپی ٤:١٣)
بەم شێوەیە ئەگەر هەستیار بین بۆ ڕیزەکانمان و لووت بەرزیەکانمان لە ناو خوشك وبرایاندا و لە بەردەم خەڵکی دیکەشدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەستیارین بە خودمان (ناخمان) و پەیوەندیمان پێوەی پشت بەستنمان پێی.

## لەبارەی عیسای خوداوەندەوە نووسراوە

" ڕیسواو سووك لە لایەن خەڵکەوە. پیاوی ئازار و شارەزای ناخۆشی وەك یەکێك ڕووی خۆی شاردەبێتەوە لێمان، ڕیسواو حیسابمان بۆی نەکرد" (ئیش **٥٣**:٣).
" ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازار بچێژێ وە ڕەتبکرێتەوە". (مەر ٨:٣١)
"کۆیلە گەورەتر نییە لە گەورەکەی، نێردراو گەورەتر نییە لەوەی ناردویەتی" (یۆ ١٣:١٦)
پێویستمان بەوەیە کە خودمان بە مردوو دابنێین. وە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بکەین لە خودماندا و لەو نرخەدا نین شایانی ئەوە بێت بەرگری لێ بکات و ئازار بچێژێت بۆ برینەکەی.
"هەموو ساتێ لە جەستەماندا مردنی عیسای خوداوەندمان هەڵگرتووە، تاکو ژیانی مەسیح هەروەها دەرکەوێت لە جەستەماندا"(٢کۆ ٤:١٠)

**ئایا ئێستا ڕاستیەکە دەزانیت وە پەسەندی دەکەیت وە بەو شێوەیە دەژیت؟**

چەند قورسە ئەمە"**بەڵام هێزی ڕاستەقینە کە بە هۆیەوە بتوانین خودی خۆمان ڕەتبکەینەوە هێزی خاچی خوداوەندمان عیسای مەسیحە**. ئا بەم هێزە دەتوانم کە بزانم وە پەسندی بکەم وە بژیم ڕاستێتی مردنم لەگەڵ مەسیح.
{چونکە وشەی خاچ لەلایەن ئەوانەی لەناو دەچن نەزانییە، بەڵام لای ئێمە کە ڕزگارمان بووە هێزی خودایە"(١کۆ ١:١٨).
وە کاتێ لەبەردەم پێیەکانی لەخاچدراودا چۆك دادەدەین خودمان دەتوێتەوە لەناخماندا...
وە کاتێ دەبینین خوداوەندی شکۆ هەڵواسراوە لە پێناوی ئێمە وە ئەو بووە بە نەفرەت و گوناهە، بەڵکو لەوەش زیاتر مردنی چەشت لە بری ئێمە، لووت بەرزیەکانمان تێك دەشکێت و دەمرێت تیاماندا لەگەڵ حەزە خۆویستیەکانماندا و پاڵنەرە خوویەکان وە تەنها خودا دەمێنێتەوە شایانی ژیان بێت. هەموو ژیان. کە لەودا خودم بەمردوویی دەبینمەوە... مردنی ڕاستەقینەی خودم لەگەڵیدا ببینمەوە. چەند جار ئەم هێزەی کە خودا هەیەتی بۆمان بە کارمان نەهێناوە بۆ ژیانمان. ئەویش هێزی خاچە. زۆر بۆچوونمان وا بووە کە مردنمان لەگەڵ عیسای مەسیح پەسەند کرد بەڕاستی و یەك جار و یەك هەنگاو دەبێت و ئیتر ناگەڕێینەوە لەدواییدا بسوڕێینەوە بە چواردەوری خودی خۆماندا... وە ئیتر گوێ

تێبینییەکان

ناگرین لە دەنگی لووت بەرزیەکانمان و خۆویستیەکانمان... بەڵام عیسای خوداوەندمان ئەم ڕاستیەی فێرکردین ئەویش ئەمەیە:

"گەریەکێك ویستی بەدوامەوە بڕوات، باواز لەخۆی بهێنێت و هەموو ڕۆژێك خاچەکەی بەکوڵەوە بێت و بە دوامەوە بڕوات" (لۆ ٩:٢٣)

لەسەرمانە واز لە خودی خۆمان بهێنین، و خودمان بە مردوو بژمێرین هەموو ڕۆژێك لەژیانماندا...هەر جارێکیش کە گوێمان لە دەنگی لووت بەرزیەکانمان و خۆویستیەکانمان دەبێت لە سەرمانە دەمی داخەین و بێ دەنگی بکەین بە خاچی خوداوەندمان عیسای مەسیح کەجیهانی لە خاچ داسەبارەت بە ئێمە و ئێمەی لەخاچدا سەبارەت بە جیهان.

{ئەوانەی سەر بە عیسای مەسیحن، خواست و ئارەزووەکانی لەشیان لە خاچداوە} (غەلا ٥:٢٤)

{بەڵام من شانازی ناکەم تەنها بەخاچی عیسای مەسیحی خوداوەندمان نەبێت،کە بە هۆی ئەوەوە جیهان سەبارەت بە من لە خاچ دراوە، هەروەها منیش سەبارەت بە جیهان لە خاچدراوم} (غەلا ٦:١٤)

{ئیترلەمەولا گیروگرفتی ترم بۆ مەهێننە کایەوە، چونکە لە لەشمدا هێماکانی عیسام هەڵگرتوە} (غەلا ٦:١٧)

تێبینییەکان:

## چوارەم: یەکگرتن لەگەڵ مەسیح لە هەستانەوەیدا

- ئێمەش هەروەها لەگەڵیدا زیندوو دەبینەوە (ڕۆ ٦:٨)
- بەڵکو مەسیح لە من دەژی (غەلا ٢:٢٠)
- بۆئەوەی مەسیح بە دەست بهێنم وخۆم لە ئەودا بدۆزمەوە (فیلیپی ٩، ٣:٨)
- وە ژیانتان شارراوەتەوە لەگەڵ مەسیح لای خودا (کۆ٣:٣)
- چونکە لەلای من،ژیان مەسیحە (فیلیپی١:٢١)

وەك پێشتر باسمان کرد کە مردن بوە بە پێداگریەکی گرنگ بۆ گەڕانەوەی ژیان بۆ مرۆڤ سەر لە نۆی، لەبەر ئەمە بوو مەسیح مرد بۆ ئەوەی بمرین لەگەڵیدا (لە گوناهەکانمان و سروشتەکەی،لە خودی خۆمان و خۆویستیەکانی و لووت بەرزیەکانی خود)

- هەستایەوە تا لەگەڵیدا هەڵسینەوە بۆ ژیانیکی نویَ (ژیانی تێرو تەسەل).
- ئەوەش ژیانی خودایە تیاماندا... بەڵێ... بەڵکو مەسیح لە من دەژی.

ئەوەش بەمە دەبێت کە – ئێمەش لە ئەودا بین... خۆم بدوزمەوە لە ئەودا. کە واتە ژیانمان دەبێت لەمەسیحدا بێت.

– چونکە خودا ئەمجارەیان خودی خۆیدا پێمان، بە هۆی مەسیحەوە تا بژین لە ئەودا. ئەو بانگی نەکردووین بۆ ژیانێکی نویَ کە بژین بەخودی خۆمان...بەڵکو بانگی کردووین کە ژیانی ئەو پەسەند بکەین و بژین لە ئەودا. لە (یۆ٥، ١:٤) کتێبی پیرۆز دەڵێت: {ژیان لە ئەودا بوو، ئەو ژیانەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، ڕووناکیش تاریکی ڕۆشن دەکاتەوە}.

بەڵێ ژیان لە ئەودا بوو، لەبەر ئەوەیە خوداوەند بانگی کردین کە لە مەسیحدا بین و هەر لە ئەودا بژین. زۆرجار پۆڵسی نێرراو لە نامەکانیدا لە زۆر شوێن هەوڵی داوە بەم ڕاستیە بیرمان ڕووناك بکاتەوە و لە بارەی ئەم ڕاستیەوە قسەی کردووە و هەوڵی داوە فێری ئەم نهێنیە مەزنەمان بکات. چونکە خودا بانگی کردین لە مەسیحدا بۆ ئەوەی خۆمانی تیادا بدۆزینەوە...

{بۆئەوەی مەسیح بەدەست بهێنم و خۆمی تیابدۆزمەوە}.

{گەریەکێك لە مەسیحدا بێت دەبێتە بوونەوەرێکی نویَ}. ئەم بیرۆکەیە زیاتر لە دەیان جار لەسەرەتای سیپارەی یەکەمی نامەی ئەفەسۆس جەختی لەسەر کراوەتەوە.

| |
|---|
| چونکە مردنمان لە خودمان بۆ ئەوەی بژین لە مەسیحدا یا خود ئەو بژی تیاماندا دوو هێڵی تەواوکەری یەکترین. بە بێ یەکەم دووەم بە دەست نایەت، بە بێ ژیانمان لە مەسیحدا ناتوانین بەو شێوەیە بمێنینەوە کە واز هێنانمانە لە خودی خۆمان. |

تێبینییەکان

- ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ کە مەزنترە لە خودی خۆمان ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان واتە دەگەڕێینەوە بۆ گوناهە سەرلە نوێ
- ئەوەی گرەنتی دەدات بە مانەوەی جەستەمان کە بە بەستراوی بە خاچەوە بمێنێتەوە ئەوە ژیانی خودایە کە بەرجەستەیە تیاماندا.
- چونکە تەنها ڕووناکی تاقە گرەنتیەکە بۆ بەردەوام دیارنەمانی یاخود ئامادە نەبوونی تاریکی {ڕووناکی تاریکی ڕووناك دەکاتەوە}.

ژیانمان ڕووناك دەبێتەوە کاتێ دەژین لەمەسیحی ڕووناکی وخۆمان لە ئەودا دەدۆزینەوە، چونکە ئەو ڕووناکی جیهانە. ئا ئەوەیە بیرو ئامانجی خودا بۆ ئێمە کە هەڵسینەوە لەگەڵیدا، لە ئەودا بین تاکو ببێتە ژیانمان ئەو واتە خودا.

**☒ وە دەتوانین زیاتر بە ووردەکاریەوە لەم ڕاستیە تێبگەین لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە کە پۆڵسی نێرراو کێشای لە نامەکەیدا بۆ خەڵکی (ڕۆ ١١:٣٦)**

{چونکە هەمووشتێك **لە ئەوە و بە هۆی ئەوە** و بۆ ئەو دەبێت.بۆ ئەوە شکۆمەندی تاهەتایە.ئامین} (ڕۆ ١١:٣٦)



تێبینییەکان:

کاتێ لە ئەودا زیندوو دەبین و دەجولێین خۆمان لە ناو ئەم دیدانەدا دەبینینەوە و لەم سێ دیدەدا دەبین، بەڵکو ئەو دەبێت بە ژیانمان،

**هەستانەوە لەگەڵ مەسیح**

| **پەسەندی دەکەین** | **دەژین تیایدا** | **پێشکەشی دەکەین** |
|---|---|---|
| (لە ئەودا) | (بە ئەو) | (بۆ ئەو) |
| أ- بوونم | أ- خۆشی | أ- خۆشەویستی |
| ب- چاکەم | ب- پیرۆزی | ب- ژیان |
| ج- چاودێری کردنم | ج- شایەتی دان | ج- شکۆمەندی |

## ١- لە ئەودا: کە پەسەندی بکەم لە ئەودا:

### أ- بوونم:

{پێش ئەوەی لە ناوسك شێوەت بکێشم، تۆم ناسی پێش ئەوەی لە منداڵدانداا بێیتە دەرەوە ،پیرۆزم کردیت} (یەر ١:٥)

{چونکە تۆ لە ناوسکی دایکمدا دەرتهێنام، کاتێ لەباوەشی دایکم بووم، دڵنیات کردم. من لە کاتی لەدایك بوونمەوە بە تۆ سپێردراوەم، لەسکی دایکمەوە تۆ خودای منی} (زە ١٠، ٢٢:٩)

{چونکە تۆ دڵی منت دروست کردوە،لە ناوسکی دایکم منت چنیوە...

ئەندامەکانی لەشمت بینی، لە کتێبی تۆدا هەموویان نوسراون، ئەو ڕۆژانەی شێوەیان کێشرا، پێش ئەوەی هیچ کامێکیان هەبن} (زە ١٦، ١٣٩:١٣).

کە واتە ئەو بەدیهێنەرو دروست کاری منە، لە ئەودا فووی ژیان دەرچوو. لە سکی دایکمدا منی چنی

ئایا لەم تێگەیشتنەدا بژین کە لە دڵی (داود)دا بوو؟

## ب- ڕاست و دروستیم

{لە پێناوی ئێمە ئەوی کرد بە گوناه هەرچەندە گوناهی نەدەناسی، تا لە ئەودا بەشداری ڕاست و دروستی خودا بکەین} (٢کۆ ٥:٢١).

{بەڵام ئێوە بە هۆی خودا لە عیسای مەسیحدان، ئەوەی لە خوداوە بۆمان بوو بە دانایی و ڕاست ودروستی، پاك وپیرۆزی و قوربانی} (١کۆ ١:٣٠)

{خودا ئەوی دایە دەست مردن لە پێناوی گوناهەکانمان. ئینجا هەڵیسانده‌وه لە پێناوی بێ تاوان کردنمان} (ڕۆ ٤:٢٥)

چەند جار ویستمان ڕاست ودروستی خۆمان بچەسپێنین بە تایبەتی لە بەردەم خودا و لەبەر دەم خودی خۆماندا، بەڵام کتێبی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت بۆمان کە مەسیح بووە ڕاست ودروستیمان، ڕاست ودروستی پڕوتەواو، دەتوانین بە هۆی ئەوەوە هەموو ساتێ لەبەردەم تەختی بەرەکەت بوەستین و دەرکەوین و بەزەیی و یارمەتی بە دەست بهێنین لە کاتێ خۆیدا.

**هەرچۆن نووسەری گۆرانی ڕۆحی دەڵێت:**

{ئەو هەموو ڕاست ودروستیەکە بۆمن... لە ئەودا پڕوتەواو بووین... خوداوەندمان عیسای مەسیح دەپەرستم}.

**دەبێت چەند پێویستمان بەوەبێت کە بژین لەم ڕاست ودروستیەی خودا لە عیسای مەسیحدا کە هەمانە.**

## ج- چاودێری کردنم:

{خوداوەند شوانی منە پێویستم بە هیچ نابێت} (زە ٢٣:١).

{گوێ مەدەن بە ژیان چی بخۆن، بە لەش چی لەبەربکەن} (لۆ١٢: ٢٢- ٣١).

وەك ئەوە وایە پێمان بڵێ ئێوە لە پێویستیەکانتاندا نین تا گرنگی پێ بدەن چونکە ئەو خۆی گرنگیمان پێ دەدات...لەبەر ئەوە دەڵێت:{ئێوە یەکەم جار داوای پاشایەتی و ڕاست و دروستی خودابکەن، ئەوانەی دیکەتان هەمووی بۆجێبەجێ دەبێت} (مەت ٦:٣٣)

چەند پێویستمان بەوەیە کە سەرقاڵ نەبین بە پێویستەکانمانەوە لەبەر ئەوەی ئەو شوانە ئەوەی لەگەڵیدا بێت پێویستی بە هیچ نابێت.

{ڕەنگە شێرەکان تووشی برسێتی و لاوازی بن، بەڵام ئەوانەی داوای خوداوەند دەکەن شتی چاکیان لێ نابڕێت} (زە٣٤:١٠).

**لەبەر ئەوە لەسەرمانە دڵەڕاوکێمان نەبێت بۆ کاروبارەکانی ژیان بەڵکو گرنگی بە خەزمەتکردنی بدەین.**

تێبینییەکان:

بەڵێ لەئەودایە هەمووشتەکان...لە ئەوەدایە بوونم و ڕاست و دروستیم... لە ئەودایە دابین کردنی هەموو پێویستیەکم چونکە ئەو دروستکاری منە...قوربانی منە... شوانی منە...

## ٢- لە ئەو: کە بژین لە ئەودا

{چونکە ئێمە لەو دەژین و دەجوڵێینەوە وهەین} (کر١٧:٢٨).

### ا- کامەرامی ئاشتی

{هەمیشە دلشادبن بە خوداوەند، جارێکی تر پێتان دەڵێم، دڵشادبن} (فیلیپی ٤: ٤-٧)

{بەڵکو بیرکردنەوەم شیرین بێت لە لای، منیش بە خوداوەند دڵخۆش دەبم} (زە ٣٤:١٠٤

{قوتابیەکان کاتێ خوداوەندیان بینی دڵشاد بوون} (یۆ٢٠:٢٠)

دەتوانین هەموو ساتێ دڵشادبین، تەنها ئەگەر دڵشادیەکەمان لە خوداوەندا بێت. دەمانەوێت بە هۆی ئەو بەختەوەر بین و دڵشاد بین لەئەودا وە چێژ وەرگرین لە خوداوەند (زە ٣٧:٤).

پۆلسی نێرراو بەم شێوەیە کۆتایی بەم برگەیە دەهێنێت (فیلی ٤: ٤- ٧).

{ئاشتی خودا، ئەوەی بەرزترە لە سنووری بیری مرۆڤ، دڵ وبیرتان دەپارێزێت لە عیسای مەسیح} وە کاتێ لەئەودا دەژین دڵشاد دەبین بە ئەو، دڵەڕاوکێ نامانگرێت و گرنگی بە هیچ شتێکی دیکە نادەین، بەڵکو لە هەموو شتێك بە نوێژ و پاڕانەوە و سوپاس کردن دەبین لە خودادا. چونکە ئاشتی خودا دەمانپارێزێت لەمەسیحدا...بە خۆی تواناداره لە ئێمە دا.

بەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو ئاشتی ئێمەیە (ئەفە ١٤:٢)

### ب- پاك وپیرۆز بوون

(گۆڕان بۆ وینەی ئەو)

{ئەوەی لە خوداوە بۆمان بوو بە دانایی و ڕاست ودروستی، پاك وپیرۆزی وقوربانی} (١کۆ١:٣٠)

{من لەئەواندام وتۆلە مندای، تاتەواوبن و ببن بە یەك} (یۆ١٧:٢٣)

تێبینییەکان

{مندالە کانم ،ئەی ئەوانەی دەبێ لە پێناوتاندا جارێکی دیکە ئازار بچێژم، هەتا وێنەی مەسیح لە ژیانتان دەرکەوێ} (غە ٤: ١٩)

ئێمە لە مەسیحدا بوونەوەرێکی نوێین. بە یەکگرتنمان لەگەڵیدا لە مردنی و هەستانەوەیدا. ژیانمان دەگۆڕێ. ئەو ڕۆژەی پەسەندمان کرد پاك و پیرۆزیمان بەدەستهێنا تا ئەو خۆی وێنەی خۆی لە ئێمەدا دەکێشێت.

"ئێمە هەموومان بە ڕوویەکی کراوە تەماشای شکۆمەندی خوداوەند دەکەین، هەروەك لە ئاوێنەدا دەگۆڕیین بۆ وێنەی ئەو، لە پلەیەکی شکۆمەندی بۆ پلەیەکی تر، ئەویش لە خوداوەندەوە دێت کە ڕۆحە."(٢کۆ ١٨:٣)

ئەمەش بەومانەیە دێت کە تاچەند تەماشای شکۆمەندی و خۆشەویستیە بێ سنوورەکەی بکەین زیاتر و زیاتر دەگۆڕیین بۆ وێنەی شکۆمەندیەکەی و هەرچەندە بچینە ناو دەریای ناسینی ئەوەندە زیاتر وێنەی ژیانی خۆی لە ئێمەدا دەکێشێت.

" ئەوسا ئەو خۆشەویستیە دەناسن کە لە سەرووی هەموو زانستێکە، بۆ ئەوەی پڕ بن لە هەموو پڕی خودا." (ئەفە ٣: ١٩)

هەرچەندە ژیاین تیایدا بە ڕۆح و هزر لە ژیان و خۆشەویستەکەیدا دەژین، دەگۆڕیین لە ئەودا، بۆ وێنەی خۆی بە خۆشەویستیەکەی خۆشەویستی دەکەین، بە بەزییەکەی بەزەیی دەکەین. ژیان لە ئەودایە و ئەو ژیانەش ڕووناکییە بۆ خەڵکی، ڕووناکیەکە تاریکی ڕووناك دەکاتەوە.

## ج- شایەتی دەدەین و مزگێنی دەدەین و فێرکردن پێشکەش دەکەین

"کەواتە ئێمە لەگەڵ خودا کار دەکەین، ئێوەش کێڵگەی خودا و خانووی خودان" (١کۆ٣:٩)

- "بەڵام ئەم گەنجینەیەی ئێمە هەمانە لە ناو گۆزەی گڵە، تا ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرە دەرکەوێت کە لە خودایە نەك لە خۆمان" (٢کۆ٤:٧)
- "کەواتە ئێمە باڵیۆزی مەسیحین، خودا بە هۆی ئێمەوە ووتار دەدات لەبەر ئەوە لەجیاتی مەسیح داواتان لێدەکەین لەگەڵ خودا ئاشت ببنەوە".(٢کۆ٥:٢٠)
- "ئا ئەمەیە شایەتیدانی ڕاستەقینە کە خودا بەکارمان دەهێنێت بە هۆی ئێمە ووتار دەدات " کە بگۆڕیین بۆ ئەو گۆزەیەی خودا گەنجینەی خۆی تیادابنێت.

تێبینییەکان:

- ئێمە ناتوانین خزمەتی خودا بکەین هەتا کار نەکەین لەگەڵیدا.. ئەوەی بە ئەو دەستەبەردەکرێت و بەدەست دەهێنرێت. وە بۆ ئەو.. وە ئەو شتەی بە هۆی ئەوەوە نەبێت بۆ ئەو نابێت یاخود ناتوانین بیدەین بە ئەو..
- لەبەر ئەوە هەتا بتوانین با خزمەتی بکەین.. لەسەرمانە کاربکەین لە گەڵیدا.. تاوەکو ئەویش کارمان تیادا بکات، چونکە ووتی: "بە بێ من ناتوانن هیچ شتێك بکەن"(یۆ ١٥:٥)

چەند جار ویستمان پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنین، هەر جارێکیش جگە لە بێ هیوایی هیچمان بۆ نەماوەتەوە. ئایا نەگەڕێینەوە تا ئەوە فێر بین کەلە ئەودا بژین!-
مەسیح ئەوەی کە بەهۆیەوە دڵخۆش و شادمان دەبین و تێر دەبین. لەئەودا ڕێگای ڕووناکی دەگرینە بەر ودەگۆڕێین بۆ هەمان وێنەی ئەو، لە ئەودا دەتوانین شایەتی بدەین و خزمەتی بکەین. ڕووناکی دەگرینەبەر وە دەگۆڕێین بۆ هەمان وێنەی ئەو

تێبینییەکان

## ٣- بۆ ئەو: کەپێشکەش بکەم بۆ ئەو

### أ- خۆشەویستی

واتە شوێنی یەکەمی هەبێت لەمندا و هەڵبژاردنی یەکەمینم بێت.
"دەبێت خوداوەندی خودات خۆش بوێت بە هەموو دڵ و هەموو گیان و هەموو بیرو هەموو تواناتەوە"(مەر١٢:٣٠)
ئەمە یەکەمین ڕاسپاردە و مەزنترین ڕاسپاردەیە، کە گرنگترین شتەکانی ژیانم پێشکەش بە خوداوەند بکەم واتە خوداوەند یەکەمین بێت لە ژیانمدا.
ئەو پرسیارەی کە خوداوەند ئاراستەی شەمعونی کرد ئەوە بوو کە:
{ئایا تۆ منت زیاترخۆش دەوێت یان ئەوانەی دیکە منیان زیاترخۆش دەوێت؟} (یۆ٢١:١٥). وە لە ووتەکان ٢٠، ٣٠:١٩) دەڵێت :{من ئەمڕۆ ئاسمان و زەویتان لێ دەکەمە شایەت، کە من ژیان ومردن، پیرۆز کردن و نەفرەتم لەبەردەمت داناوە، جا ژیان هەڵبژێرە تا خۆت و نەوەکەت بژین، کە خوداوەند خودات خۆش دەوێت و گوێ لە دەنگی دەگریت و پێوەی دەنووسێیت، چونکە ئەو ژیانتە}وە ئەو نابێتە ژیانمان تا هەڵبژادنەکەمان ئەوە نەبێت کە خۆشمان بوێ... وە ئێمە ناتوانین بە ئەو و لە ئەودا بژین تا ئەوە پەسەند نەکەین کە ئەو یەکەمین بێت لە خۆشەویستیماندا...منت خۆش دەوێت؟

### ب- ژیان وئامانج

{ئەو لە پێناوی هەموان مرد هەتا زیندووان ئیتر بۆ خۆیان نەژین بەڵکو بۆ ئەوەی لە پێناویان مردو هەستایەوە} ( ٢کۆ ٥: ١٥)
{گەر بژین لە پێناوی خوداوەند دەژین، گەر بشمرین لە پێناوی خوداوەند دەمرین.
کە واتە بژین یا خود بمرین، ئێمە هەر هی خوداوەندین} ( ڕۆ١٤:٨)
ئەم دەستەواژانە ئەوە ڕوون دەکاتەوە... کە ژیان هەر هەمووی بوە بە هی ئەو...ئەو بوە بە ئامانج ومەبەستی...کە ئەوە ئاواتمان بێت شتە مەزنەکان کە تێدە پەڕێت بە ژیانماندا لە پێناوی ئەودا بێت، وە هەموو توانستەکانمان بە هەموو جۆرەکانیەوە ئامرازی ڕاست و دروستی بێت بەدەستیەوە

- با ناوی پیرۆز بێت. بە مانای ناوی با مەزن بێت لەنێوان خەڵکی
- با پاشایەتی بێت، بە مانای ببێتە پاشای ژیانی خەڵکی
- با خواستەکانی هەر چۆن لە ئاسمان هەیە لەسەر زەویش بێت، بە مانای با خواستەکانی کە قبوڵکردن و چاکەیە لەژیانی خەڵکیدا بێت.

تێبینییەکان:

با لەگەڵ پۆڵس دا بڵێین:{بەڵکو هەر چییەکم لە توانا هەیە دەیکەم تا بیکەم بە هی خۆم،ئەوەی مەسیح لە پێناویدا منی کردووە بە هی خۆی} ( فیلیپی ٣:١٢)
{من بەرەوئامانج هەوڵ دەدەم ، بەرەو پاداشتی بانگەوازی بەرزی خودا کەلە عیسای مەسیحە} (فیلیپی ٣:١٤)
با لەگەڵ یۆحەننای لە ئاو هەڵکێش دا بڵێین:{دەبێت ئەو زیاد بکات ومنیش کەم} (یۆ ٣:٣٠)

## ج- شکۆمەندی:

لە کوتاییدا دەڵێم ئێمە ناتوانین تەنها شکۆمەندی بدەین بە خودا مەگەر بەو بیرە بژین کە لەگەڵ ئەوداین، وە کە دەژین، لە ئەودا بژین وە بە ئەو بژین وە بۆ ئەو بژین (لە خۆیدا). ئەوسا چاومان نافرێت بە بەرزە فڕی بە تەنها و تەنهاش بیرمان مەزن نابێت بەڵکو ئەوسا خوداوەند دەتوانێت متمانەی هەبێت پێمان بۆ بەشداریکردنمان لە شکۆمەندیەکەی.{چونکە هەمووشتێك لە ئەوەو بە هۆی ئەوەو بۆ ئەو دەبێت. بۆ ئەوە شکۆمەندی هەتاهەیە. ئامین} (رۆ ١١:٣٦)
چەند جار ویستمان شکۆمەندی بدەین بە خۆمان تەنانەت کە ئێمە خزمەتی مەسیح دەکەین. متمانەمان نەکرد یا خود دەست پاك نەبووین لە ئەودا تا هەموو شتێکمان بۆ شکۆمەندی ئەو بێت.
{چونکە هەمووئەوانی تربە دوای کاروباری تایبەتی خۆیان دەگەڕێن،
نەك هی عیسای مەسیح} (فیلیپی ٢:٢١)
{ئەی خوداوەندمان تۆ شایانی ئەوەی شکۆمەندی و ڕێز و توانا وەرگری ،چونکە تۆ دروستکاری هەموو شتێکیت ،ئەو شتانەش بە خواستی تۆ بوونی هەیە و دروست بووە} (بین ٤:١١)
{فریشتەکان بە دەنگێکی بەرز دەیان ووت: (بەرخە سەر براوەکە شایستەی وەرگرتنی هێز و دەوڵەمەندی و دانایی و توانا و ڕێز و شکۆداری و ستایشە)
١٣ لەو کاتەدا هەموو زیندەوەرەکانی ئاسمان و زەوی و ژێر زەوی و ناو دەریاش هەموویان دەیانووت (با ستایش و ڕێز و شکۆمەندی و توانا ،بۆ دانیشتووی سەر تەختەکە و بەرخەکە بێت تا هەتایە) (بین ٥:١٢،١٣)
ئایا؟ پەسەندی دەکەین لە ئەودا... وە دەژین بە ئەو... وە پێشکەشی دەکەین بۆ ئەو...ئاوەها بانگ کراوین کە بژین و هەنگاو بنێین و خۆمان بدۆزینەوە لە ئەودا.

- تەنانەت بینین، هەر ئەوە دەچێتە سەر دڵمان.
- وە بە ئەو بە دەست دێت، هەر ئەوە بە کارمان دەهێنێت لە ئەمەدا
- وە بۆ ئەوە بەرووبوومەکانیشی و دەبێتە شکۆمەندی تەنها بۆ ئەو.

تێبینییەکان

**# هەروەها دەتوانین وێنە نیگا و دیدی دیکە بکێشین بۆ ئەم ڕاستیە کاتێ کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات بەم شێوەیە پێویستە کە:**

١) بیری مەسیحمان هەبێت (١کۆ٢:١٦)، (ڕۆ ١٢:١)

{بە نویێ کردنەوەی مێشکمان}بیری مەسیحمان دەبێت. هەر چۆن ژیا لە نێوانماندا وە بیری خۆی ڕاگەیاند بۆمان ،ئەو ڕێگایەکی گرتە بەر زۆر جیاواز بوو لە نێوان هەموو ئادەمیزاد. دەتوانین ئێمەش بە شوێن پێیەکانیدا بڕۆین.

٢) خواستی ئەومان دەبێت و ویستی ئەومان دەبێت {کە پڕ بن لە ناسینی خواستی خودا} (کۆ ١:٩)

{با بە خواستی خۆت بێت نەك بە خواستی من} (لۆ ٢٢:٤٢) (یۆ ٥:٣٠)
{ئەزموون دار بن لەوەی کامەیە ویستی خودا} (ڕۆ ١٢:١)
{بە هۆی ڕاهێنانەوە هەستەکانیان مەشق پێ کراوە} (عیب ٥:١٤)
کاتێ مەشق دەکەین کە بێ دەنگ بین و چاوەڕێ بکەین بۆ خواستە چاکەکانی تا بژین تیایدا و بە دەستی بهێنین ئەوسا:

٣) هەستەکان و حەزو ناو دڵی مەسیحمان دەبێت. دەتوانین لە گەڵیدا بگرین بۆ ئۆرشەلیم. و دڵخۆش بین لە گەڵی بۆ مەڕی وون بوو کە دۆزییەوە (لۆ٩:٤١، کۆ ٣: ١٢).

٤) بەڵکو لەمەش زیاتر بانگی کردووین کە لە توانای ئەودا بژین وە ووتی:
{ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بە من بکات ئەو کارانە دەکات کە من دەیکەم، بەڵکولەوانەش مەزنتر دەکات ،چونکە من بۆ لای باوك دەڕۆم} (یۆ ١٤:١٢).

بەم شێوەیە مەسیح تیاماندا دەژیت بەڵکو بەم شێوەیە دەبێتە ژیانمان ئەو...
ئەوەی تیایدا دەژین و دەری دەخەین بۆ جیهان ئەوە بێت کە دەژین تیایدا...
دەبێت پێویستی جیهان چی بێت کە ئەو بە خودی خۆی تیاماندا بژی.

- بەڵێ.... ئەو هێزو توانایە وامان لێ دەکات کە:

• لە گەڵیدا بژین
• بژین لە ئەودا، وە ئەویش لە ئێمەدا.

ئەویش هێزی هەستانەوەی خۆیەتی (فیلیپی ٣:١٠)

مەسیح دەفەرمووێ {جا چونکە من زیندووم ،ئێوەش هەروەها زیندوو دەبنەوە} (یۆ ١٤:١٩).

تێبینییەکان:

- چونکە ئەو هەڵسایەوە ئەو زیندووە ،وە کە زیندووە ئەو دەتوانێ بژی تیاماندا....وە بمان ژێنێتەوە لە گەڵ خۆیدا.
- لە بەر ئەوەی ئەو زیندووە دەتوانین ببینین وە گوێمان لە دەنگی بێت ،ئەوسا وێنەی وەردەگرین وە خواستەکانی بەدی دێت لە ئێمەدا (فیلیپی٣:١٠)

| ئەوەی لە سەرمانە کە بیکەین لە ئەودا بژین، ئەوەش کە: |
|---|

## ١- بە باوەڕ قبوڵی بکەین:

- ئێمە لەگەڵیدا هەڵساینەوە ،وە ئێمە دەژین لە ئەودا (ڕۆ ٦:٨)
- {ژیانتان شارراوەتەوە لەگەڵ مەسیح لەلای خودا} (کۆ٣:٣)

## ٢- لە ئەودارێگەمان بگرینە بەر:

- بەومانایەی لە ئەوەوە وە بە ئەو وە بۆ ئەو (هەرچۆن پێشتر لە بارەیەوە ڕوونمان کردەوە)

## ٣- بڕوانینە ئەو، سەیری ئەو بکەین:

{ئەوانەی سەیریان کرد و ڕووناکیان لێ باری} (زە ٣٤:٥)
{با هەمیشە سەیری عیسا بکەین، پێشرەو و تەواوکاری باوەڕمان.. تاووره بەرنەدەن و شەکەت نەبن} (عیب ٣، ١٢:٢).
با چەوەکانمان هەمیشە جێگیر بکەین لەسەری..با لەهەموو ڕێگاکانماندا ئەو دیاری بکەین و خۆی کەسایەتی یەکەم بێت.

## ٤- خۆم لەئەودا بدۆزمەوە:

(فیلیپی ٣: ٨- ١٠) پۆڵس ی نێرراو لێرەدا سێ دید دیاری دەکات..
أ- تاوەکو بیناسم؟..... نەك بژیم لە کەسایەتی وخودی خۆمدا
ب- وە هێزی هەستانەوەی؟... نەك توانستەکانی من
ج- بەشداری ئازارەکانی؟... نەك ئازارەکانی من

تێبینییەکان

واتە دەگوازرێمەوە لە ژیانی من ← بۆ ژیانی ئەو
جیهانی من ← بۆ جیهانی ئەو
لەکەسایەتی ئەوەوە ← بۆ کەسێتی من

**أ- بیدۆزمەوە... بیناسم**

{گەشە بکەن لە ناسینی} (کۆ۱:۱۰)
{ئەوانە کاتێ بەقسەی گەورەوبەتاڵ دەدوێن ،بەهەوەسەکانی لەش وبەرەڵڵایی ،ئەو خەڵکە هەڵدەخەڵەتێنن کە تازە هەڵاتوون لە دەست ئەوانەی لە خراپی دان} (۲پەت ۱۸:۲)
کە ئارەزووی دڵمان ئەوە بێت ئەو بناسین و هەموو ڕۆژێك گەشە بکەین لە ناسینیدا، لە ژیانی ئەو وە لەکەسایەتی مەزنی نەك بە ژیانی ڕۆحیمان بەڵکو بە هەست پێ کردنەکانیشمان.
کە کەسایەتی گرنگ سەبارەت بە ژیانم خوداوەند بێت، نەك کەسایەتی من، کاتێ بایەخ دەدەم بە ئەو سەیری دەکەم وەکو خۆی کە هەیە... لە نوێژکانم و لێکۆڵینەوەکانم لە ووشەکانی دەگۆڕێم...
{ئێمە هەموومان بە ڕوویەکی کراوە تەماشای شکۆمەندی خوداوەند دەکەین، هەر وەك لە ئاوێنەدا، دەگۆڕێین بۆ وێنەی ئەو، لە پلەیەکی شکۆمەندی بۆ پلەیەکی تر، ئەوەش لە خوداوەندەوە دێت کە ڕۆحە} (۲کۆ ۱۸:۳)

**ب- هێزی هەستانەوەی**

(ئەفە۱: ۱۸، ۱۹) {ئەو مێشکتان ڕووناك دەکاتەوە هەتا بزانین چییە ئەو هیوایەی ئێوەی بۆ بانگ کراوە، هەروەها بزانن میراتەکەی چەند شکۆدار و دەوڵەمەندە بۆ خوشك و برا پیرۆزەکان، هەروەها چ هێزێکی مەزنی بێ سنووری لە ئێمەدایە کە باوەڕدارین، بە پێی کاری توانا مەزنەکەی، ئەوەی تەواو بوو لە مەسیحدا و بە هۆیەوە مەسیحی لە نێو مردووان هەستاندەوە، لە لای ڕاستی خۆیەوە لەئاسمان داینا}.
خۆم بدۆزمەوە تیایدا کە ئەو کەسێکە دەژی تیامدا و کار دەکات تیامدا، وە ناژیم بە توانستەکانی خۆم و دەست ومەچەك و دەسەڵاتەکانی خۆم بەڵکو بە هێزو دەسەڵاتی ئەو، خۆم بدۆزمەوە تیایدا و تا بانگەوازی ئەو وە مەبەستی ئەو لە ژیانمدا بە دەست بهێنم. (فیلیپی ٤:۱۳) {توانام هەیە هەمووشتێك بەهۆی مەسیح بکەم،ئەوەی بە هێزم دەکات} .ئا ئەمە هاواری پۆلس بوو بەردەوام.

تێبینییەکان:

## ج- بەشداری کردن لە ئازارەکانی

بەو مانایەی لەپێناویدا ئازار بچێژم و لەگەڵیدا ئازار بچێژم.

**لە پێناویدا:**

کە ئازار بچێژم لەبەر ئەوەی من بە هەموو دڵمەوە دوای خوداوەند دەکەوم.
{هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لە خوا ترسی بژین لە عیسای مەسیح ،دەچەوسێنەوە}
( ٢تیمۆ ٣:١٢)
{بەلاًم گەر ئازارتان چەشت لەپێناوی ڕاست ودروستی، ئەوا خۆزگەتان پێ دەخوازرێ} (١ پەت ٣:١٤).

**لەگەڵیدا:**

ئازار دەچێژم لەگەڵیدا لە پێناوی ڕزگاریەکەی تا بیگەیەنم بە جیهان ئەمەش وەك ئازاری خزمەت + نوێژی دڵنەوایی
(کۆ ١:١٤) {من ئێستا دڵشادم بەوئازارەی لە پێناوتان دەیچێژم ، چونکە لە لەشی خۆمدا کەم وکوڕی تەنگانەی مەسیح تەواو دەکەم ، لە پێناوی لەشی ئەو: کە کۆمەڵەی باوەڕدارانە}
ئایا ئازاری مەسیح هێشتا تەواو نەبوە؟ ئەی نەی نەیوت {کارەکە تەواو بوو}؟ عیسای خوداوەند لەسەر خاچ - بەڵێ قوربانی تەواو بوو بەلاًم مزگێنیدان تەواو نەبوە تا ئێستا... هەتا ئێستا مەسیح ئازار دەبینێت بۆ گواستنەوەی ئەو قوربانیە بۆ جیهان...
لەبەر ئەوەیە پۆڵس دەڵێت: {لەلەشی خۆمدا کەم وکووڕی تەنگانەی مەسیح تەواو دەکەم}

- ئازار دەچێژین لەگەڵیدا و لە پێناویدا
- ئایا پاشایەتی خۆم دادەمەزرێنم یان پاشایەتی ئەو؟
- ئایا ئازارەکانی خۆم هەڵدەگرم یان ئازارەکانی ئەو؟ ئازاری ڕزگاری جیهان...
- ئایا دەژیم بۆ خەونەکانی خۆم یان بۆخەونەکانی ئەو؟

{جا چۆن بەشداری زۆرمان کردوە لە ئازاری مەسیح ،بەهەمان شێوە بەهۆی مەسیحەوە زۆر دڵنەوایی دەکرێین.} (٢کۆ١:٥).
{چۆن لە ئازار بەشداریمان دەکەن ، لە دڵنەوایش هەروەها بەشداریمان دەکەن} (٢کۆ ١:٧)

تێبینییەکان

# پێنجەم: جێبە جێ کردنی کردارەکی

## ١- چییە ئەوەی غەمبارمان دەکات کاتێ گوناهە دەکەین؟!!



ئایا لەبەر ئەوەی هەڵەمان کرد...
ئایا لەبەر ئەوەی ئاشتی ئەومان لە دەست دا...
ئایا لەبەر ئەوەی وێنەی کەسایەتیمان ڕووشاو لەکەدار بوو لەبەر چاوی خۆمان و لەبەر چاوی ئەو...؟
یاخود لەبەر ئەوەی ئێمە هەڵەمان کرد دەرهەق بەو... وە دڵی خۆشەویستی ئەومان بریندار کرد...

- تۆبە کردنی ڕاستەقینە غەمبار بوون و پەشیمان بوونە چونکە هەڵەمان کرد بەرامبەر بە ئەو...
  بەڵێ... دژ بە تۆ تەنها تۆ، گوناهم کرد، لەبەر چاوی تۆ خراپەم کرد.(ز٥١:٤)
  بەڵێ... چۆن دەبێت بەدکاریەکی ئاوا گەورە بکەم وگوناه بەرامبەر بە خودا بکەم (پەی ٣٩:٩)
- ئائەم غەمباری و دڵتەنگیە پێویستە لەسەرمان بەرامبەر گوناهەکانمان کە خۆویستی تیایە هیچی تر نییە جگە لە بەردەوامی گێلایەتی و لووت بەرزیمان لە بەردەمی. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە دانمان ناوە بە گوناهەکانماندا ئێمە ئاشتی ڕاستەقینەمان تاقی نەکردۆتەوە.

## ٢- کاتێ نوێژ دەکەین

ماوەی چەند لە کاتەکانمان کە دەیبەینە سەر لەگەڵیدا وتوویژ دەکەین لەبارەی خودی خۆمان... پێویستیەکانمان...



شەرمەزاریەکانمان و گوناهەکانمان...
خەونەکانمان و ئاواتەکانمان ڕۆحی ومادی...
ماوەی چەند لە کاتەکانمان کە دەیبەینە سەر لەگەڵیدا....

تێبینییەکان:

وتووێژی لەگەڵ دەکەین کە وێنەی ئەو وەربگرین و چاو ببڕینە ئەو... ببینین لە شکۆمەندیەکەیدا کڕنوش وپەرستن و ستایشی پێش کەش بکەین... تاکو گوێ لە حەزی دڵی بگرین... و داواکاری لێ بکەین لە پێناوی ئەو دا و فراوان بوونی پاشایەتیەکەی... بەم شێوەیە مەسیح فێری کردین نوێژ بکەین{یەکەم جار داوای پاشایەتی خودا و ڕاست ودروستیەکەی بکەین} (مەت ٦:٣٣).
یەکەم {کەناوی پیرۆز بێت..پاشایەتی یەکەی بێت..خواستەکانی پەیڕەو بکرێ} (مەت ١٠، ٦:٩).
چەند پێویستیمان بەوە هەیە خۆمان ڕەت بکەینەوە لە ئامادە بوونیدا و ئەو یەکەم بێت لە پەیوەندیمان لەگەڵیدا. بەڵکو چەقی پەیوەندیەکە بێت و ناوەڕۆکی بێت تیاماندا.

## ٣- کاتێ پەرتووکی پیرۆز دەخوێنینەوە:



بەدوای چیدا دەگەڕێیت تیایدا...؟
چاوەڕوانی چی دەکەین ببیستین و ببینین...؟ هاندان... زانین... ڕێنمایی...
هەموو ئەو شتانە گرنگن... بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگ تر ئەوەیە ئەو خۆی ببینین... گوێ ی لێ بگرین کە ئەو خودی خۆی بیری خۆی خواستی خۆی و هەستی خۆی ڕادەگەیەنێت... بەم شێوەیە گەشە دەکەین لە ناسینی ئەو و دەگۆڕێین بۆ وێنەی خۆی کە چۆن خۆی ڕاگەیاندوە هەر بەو شێوەیە... ئینجا شتەکانی دیکە لە دوای ئەو بە ڕاستی و ڕێکی دێن و لە شوێنی خۆیدا دەبن.



## ٤- کاتێ خزمەتی دەکەین:

ئەو پاڵنەرە ڕاستەقینە چییە کە دەمانبزوێنێت بۆخزمەت...؟
ئایا بۆ ئەوەیە کە ئێمە بەرووبومدار بین بۆ شکۆمەندی ئەو...؟
یان بۆ وە دەستهێنانی حەزو ئارەزووی ناخمانە لەم بوارەدا کە هەڵمان بژاردووە بۆ ژیانمان...؟
بۆ ئەوەی گەشە بکەین لە ژیانی ڕۆحی...؟
یان دەبزوێین لە پێناوی ئەو... بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانی ئەو... لەپێناوی خۆشی و حەزی دڵی ئەو کە دەبینێ بەروبوومی دەستەکانی تێردەبێت.... ئەی شەمعونی کوڕی

تێبینییەکان

یۆنا منت خۆش دەوێ... مەڕەکانم بلەوەڕێنە... ئەگەر منت خۆش دەوێ... مەڕەکانم بلەوەڕێنە... (یۆ۲۱: ۱۵).


- ئایا دڵخۆش دەبیت کاتێ خزمەتی خەڵکانی دیکە سەرکەوتووە و هەواڵی فراوان بوونی پاشایەتی خودا دەبیستی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بە هەمان شێوازی دڵخۆشیت بۆ سەرکەوتنی خزمەتەکەت؟

ئایا دڵخۆش بین بە سەرکەوتنەکانمان... یان دڵخۆش بین بە دڵخۆشی ئاسمان...

بەڵێ... چەند جار ئێمە ئەو کوڕە گەورەیە بووین کە دڵی باوکی نەدەناسی.

## ٥- لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ خەڵکی:






زۆرجار تێڕوانینەکانمان بۆ خەڵکی و خەملاندنەکانمان بۆیان
لە چاوەکانی خۆمانەوە بووە...
لەبەر ئەوە زۆرترین جاریش دوڕاوین لە قبولکردنی یەکتری...
کە لە یەکتری ببورێین و لە یەکتری خۆش بین... کە
یەك بگرین لەو یەکێتی یەی کە مەسیح نوێژی لە پێناویدا کرد...

بەلام کاتێ دەگەڕێینەوە و فێر دەبین کە خەڵکانی دیکە ببینینەوە لە ڕێگەی تێڕوانینی مەسیحەوە و خەملاندنەکانمان هەروەها بە مەسیح بێت بۆ ئەوان ئەوکات فێردەبین کە مەسیح خۆی سەرەو ئەندامەکان دەبەستێتەوە (ئەفە ۱٦، ٤:۱٥ {بەڵکو لە جیاتی ئەمە ڕاستگۆ بن لەخۆشەویستی، گەشە بکەن لە هەموو شتێك بەهۆی ئەو، ئەوەی سەرە، واتە مەسیح.}

**ئەو کاتە وێنەکەمان دەگۆڕێت بۆ وێنەی ئەو و پەیوەندیەکانمان و ژیانمان لەگەڵ یەك دەبێت...**

## کۆتایی

عیسای خوداوەند ئەم ڕاستیەی بە هەموو ڕاشکاویەك و بە ئاشکرا ڕاگەیاند کاتێ کە{دەستی کرد بە فێرکردنیان ،کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازار بچێژێت و پیران و سەرۆك کاهینەکان و ماموستایانی شەریعەت ڕەتی بکەنەوە، هەروەها بکوژرێت و دوای سێ ڕۆژ زیندوو بێتەوە} (مەر ٨: ٣١)

لەوکاتەدا پەترۆس وورەی نەمابوو، بەڵام خوداوەند هەموو قوتابیەکانی بانگ کردو ووتی {ئەوەی دەیەوێ بە دوامەوە بڕوات، **باواز لە خۆی بهێنێت** و **خاچی خۆی هەڵگرێ** و دوام کەوێت (مەت ١٦:٢٤).

ئایا ئەوە هەمان هەنگاو نەبوو کە هەنگاوی نا لە پێناوی ئێمە؟

هەر کەس گیانی خۆی ڕزگار بکات دەیدۆڕێنێت، هەر کەسیش گیانی خۆی لە پێناوی من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە، مەسیح هەنگاوی ناو لەبەر دەمماندا هەنگاوی ڕوون و ئاشکرای نا کە خۆی گیانی خۆی ڕەت کردەوە تا مردن...

بۆ ئەوەی هەڵسێتەوە... وە بانگی کردین: کە هەر کەس دەیەوێت دوام بکەوێت لەسەریەتی هەمان هەنگاو بنێت... کە خوی ڕتبکاتەوە و ئارەزووەکانی و خودی لەخاچ بدات.. ئەو کات دوای دەکەوێت لە ژیانێکی نوێدا لە هەڵسانەوەدا... ئێمە ناتوانین دوای بکەوین تاکو خودی خوّمان ڕەتنەکەینەوەو واز لە خوّمان نەهێنین...

**{دەنکە گەنم هەروەك خۆی دەمێنیتەوە، گەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بەڵام کە مرد ئەو کاتە دەنکی زۆری لێ بەبەردێت}** (یۆ١٢:٢٤).

پێویستیەکانمان چییە بۆ ئەو ڕۆژانە و بگەڕێینەوە بۆی و بەو شێوەیە بژین.

| | |
|---|---|
| **ڕێگا** | ئەوەی خوداوەند عیسا وێنەی کێشا بۆمان |
| **ڕاستی** | کە ڕایگەیاند بۆمان لە بارەی خودی خۆیەوە |
| **ژیان** | ئەوەی کە بانگی کردووین بۆی |

کە تیایدا بژین... لە خودی عیسای خوداوەنددا... کە ئەو بژی تیاماندا، هەر چۆن ووتی {من ڕیگا و ڕاستی و ژیانم} (یۆ١٤:٦)

(غە ٦: ١٤) {بەڵام هیچ شکۆمەندیەکم ناوێت گەر لە خاچی عیسای مەسیحی خوداوەندمان نەبێ ، کەبە هۆی ئەوەوە جیهان سەبارەت بەمن لە خاچدراوە ، هەروەها منیش سەبارەت بە جیهان لە خاچدراوم}

# پرسیارەکانی جێبەجێ کردنی
# ئەزموونی باوەڕدار بۆ سەرکەوتن

## یەکەم: دوژمنە ڕاستەقینەکان کێن؟

١- {بابەتی من نا بەڵکو مەسیح دەست دەگرێت بەسەر ئەزموونی ڕۆژانەمان بۆ سەرکەوتن بەسەر گوناهەدا}
ئەم هەڵوێستە کرداریيانەی کە ڕووبەرووت دەبنەوە ڕۆژانە لەم ململانێیەدا بنووسە؟

........................................................................................................

........................................................................................................

........................................................................................................

٢- {زۆر جار لەگەڵ یەکتری جیاوازین و زۆر جار برا دەجەنگێ لەگەڵ برای مرۆڤیدا تاوای دادەنێ کە دوژمنی یەکترن}
ئایا مرۆڤ دوژمنی ڕۆحی مرۆڤە؟ وە بۆچی؟

........................................................................................................

........................................................................................................

٣- ئەم ئایەتانە بخوێنەرەوە ( ڕۆ ٦:٦) مرۆڤە کۆنەکەمان لەگەڵ مەسیح لەخاچدرا، تا لەشی گوناهبارمان پەکی بکەوێت و ئیتر بەکۆیلەیی گوناهە نەمێنینەوە.) وە (کۆ ٣:٩ کەواتە ئێمە لەگەڵ خودا کار دەکەین، ئێوەش کێڵگەی خودا و خانووی خودان.) وە (ڕۆ ٧:١٧ ئێستاش من وا ناکەم، بەڵکو ئەو گوناهەی لەمن نیشتەجێیە.)
ناوە جیاوازەکانی جەستەی گوناهە چین؟

........................................................................................................

........................................................................................................

٤- دیاردەکانی ململانێ ی ڕۆحی بۆمرۆڤ لە تێکۆشانی ڕۆحی لە بەرامبەر جەستەی گوناهە و جیهان و شەیتان کامەن؟

..........................................................................................................

..........................................................................................................

٥- {مرۆڤە کۆنەکە داکەنن کە بە گوێرەی ڕەفتاری پێشووتانە، گەندەڵە بە هۆی ئارەزووە ساختەکانی} (ئەفە ٤:٢٢)

{هۆی ئەم دوژمنایەتی و ناکۆکییە چییە لە ناوتان؟ ئایا بە هۆی ئارەزووە خراپەکانی ئەندامانی لەشتان نییە کە دەجەنگێت لەگەڵتان؟

ئارەزوو دەکەن و دەستتان ناکەوێت ئەوسا دەکوژن...گەر دواشتان وەرناگرن، چونکە بە مەبەستی خراپ داوای دەکەن، تا ئارەزووەکانی خۆتانی پێ تێر بکەن}

(یا ٤: ١- ٣)

کێیە مرۆڤە کۆنەکە... جەستەی گوناهە...؟

..........................................................................................................

..........................................................................................................

٦- چییە ئەوەی دڵتەنگمان دەکات کاتێ گوناه دەکەین؟

I. ئایا لەبەر ئەوەیە ئێمە گوناهەمان کرد؟

II. ئایا لەبەر ئەوەیە ئێمە ئاشتیمان لەدەست داوە لەگەڵیدا...؟

III. ئایا لەبەر ئەوەیە وێنەمان ژاکاو بوە لەبەر چاومان ولەبەر چاوی ئەو...؟

IV. یان لەبەر ئەوەی گوناهمان کردوە دەرهەق بە ئەو...

و دڵە خۆشەویستیەکەمان بریندارکرد؟

٧- پەیوەندی نێوان ئارەزوو و لووت بەرزی چییە و جیاوازی نێوانیان چییە؟

- پەیوەندی ..........................................................

- جیاوازی ..........................................................

## دووەم: مردن لەگەڵ مەسیح

٨ - ئێمە لە بارەی {مردنی خود و مردن لەگەڵ مەسیح} دەدوێین و پێویستیمانە کە مانای هەریەك لەمانە بزانین:

سەلماندنی خود و بە هۆیەوە بۆ کوێ ڕێگەم پێ دەدات؟

..............................................................................................................

پەرۆشی.

..............................................................................................................

ڕەتکردنەوەی خود.

..............................................................................................................

٩- جیاوازی لە نێوان گوناهە وگوناهەکان چییە؟

..............................................................................................................

..............................................................................................................

١٠- هەرجارێ بمەوێت کارێکی چاك بکەم خراپە دەبینمەوە ئامادەیە لەلام}

بۆچی ئەم جیاوازیە هەیە لەنێوان پێویست و دۆخدا لەگەڵ ئەوەشدا حەزێکی ڕاستی بوونی هەیە لەم مرۆڤەدا؟

..............................................................................................................

..............................................................................................................

١١- بۆچی هەندێ لە باوەڕداران یەکلایی کردنەوەی {مردن لە خود}؟ دەخەنە لاوە و پشت گوێ ی دەخەن؟

..............................................................................................................

١٢- {خۆتان بە مردوو دابنێن سەبارەت بە گوناهە} (ڕۆ ٦:١١) واتە هەموو ئەوانەی دەمانەوێت بە دەستی بهێنین بۆ خودی خۆمان بیمرێنین (خۆویستی)
هەموو ئەوانە بمرێنین کە دەمانەوێت بە خۆمان بە دەستی بهێنین (لوت بەرزی)
ئەو لایەن و نموونانە بنووسە کە دەکرێت بە هۆیانەوە تووشی تاقی کردنەوە بین تیایدا و بدۆڕێین لە (خۆویستی یاخود لوت بەرزی) دا.

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

١٣- ئەزموونی باوەڕدار بە مەسیح لە سەرکەوتندا سێ هەنگاو لە خۆ دەگرێت ئەو هەنگاوانە چین؟

.................................................... ☐

.................................................... ☐

.................................................... ☐

لە پرسیاری ڕابردوودا بۆ هەریەك لەوەڵامی یەکێك لە هەنگاوەکان ١٠ نمرە دابنێ بۆ خۆت لە بەردەم وەڵامەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە تا چەند قبوڵکردن و جێبەجێکردنی تۆ بۆ ئەم هەنگاوانە بە پەرۆشەوەیە.

١٤- هەنگاوە کرداریەکان کامەیە کە دەیگریتە بەر ئەگەر وەڵامەکانت نمرەکانی لە ٧ کەمتر بوو بۆ هەر خاڵێك؟

..........................................................................................................

..........................................................................................................

١٥- دەکرێ لە ژیانی ڕۆحیماندا بە شێوەیەك بژین ڕابەرەکەی (خودا) بێ یان (خود) تۆ بە چەند نموونەیەك ئەوە ڕوون بکەرەوە کە چۆن دەتوانین ژیانمان بگۆڕین بە شێوەیەك بێت کە خودا ڕابەری بێت یا خود خودی خۆمان ڕابەری بێت؟

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

١٦- {نە جیهانتان خۆش بوێت، نە ئەو شتانەی تیایەتی، چونکە گەر یەکێك جیهانی خۆش بوێت، ئەوا خۆشەویستی باوکی ئاسمانی تیادا نیە. چونکە ئەوەی لە جیهاندایە. ئارەزووی لەش وچاو و سەڵتەنەتی ژیان لە جیهانەوەیە نەك لە باوك} (١یۆ ١٦، ٢:١٥)

ڕوون کردەنەویەك بنووسە بەچەند وشەیەکی سادە خۆشەویستی جیهان چییە؟

..........................................................................................................

..........................................................................................................

١٧- لە ژێر ڕۆشنایی پرسیاری پێشوو، خۆشەویستی جیهان چۆن خۆی نیشان دەدات هەندێ جار لە تۆدا؟

- ڕەتکردنەوەی ئەوانەی کە کەسی نزیکی خۆم نین.
- هەستکردن بە بەهای خۆم کاتێ دەبینم بەهرە وتوانای جۆراو جۆرم هەیە.
- ڕەتکردنەوەی ئەوانەی کە بە لای منەوە توانای دارایی وماددیان کەمترە لە خۆم.
- پەرۆش بوونی زۆرم بۆ دەستکەوتەکان شتەکان.
- حەز کردن لە خۆزاڵ کردن بەسەر ئەوانەی خۆشم دەوێن.

..........................................................................................................

..........................................................................................................

١٨- {ئێمە وا دەزانین کە دەتوانین شتی چاك بکەین بۆ خوداوەند بە پشت بەستن بە خودی خۆمان}

{من مێوم و ئێوەش لقەکان. کێ لە مندا بچەسپێت و منیش لەو ، ئەو بەرهەمی زۆر دەهێنێت. چونکە بێ من ئێوە ناتوانن هیچ شتێ بکەن} (یۆ ١٥:٥)

مەرجی بەرووبووم لە پاشایەتیدا چییە؟

..........................................................................................................

## سێ یەم: یە کگرتن لەگەڵ مەسیح لە هەستانەوەیدا

١٩- خاچی مەسیح کە خۆشەویستی خودا و ساکاریەکەی دەر دەخات چۆن دەبێتە هێزێکی کاریگەر تیاتدا و وات لێ دەکات خودی خۆت بمرێنیت؟

.....................................................................................................................................

.....................................................................................................................................


٢٠- چۆن دەتوانم کە (بزانم و فێربم و پەسەندی بکەم و ڕێگەی ئەو بگرم) ڕاستێتی مردنم لەگەڵ مەسیح لە سەرخاچ؟

لەکوێم بوو ئەم هێزە کە ئەوەی پێ بە دەست بهێنم؟

.....................................................................................................................................

.....................................................................................................................................

٢١- لاوازیەکانم کامانەن کە وام لێ دەکات دووربم لەم وێنەیە:




ترس لە ئاییندە

ئەم وێنەیەم بەو شێوەیە بێنەوە کە کردارەکی نیە. ☐

پەرۆش بوونەکانی خودی خۆم بە نرخن زۆر. ☐

ڕێگا و بیرە تایبەتەکانی خۆم وا دەبینمەوە سەرکەوتوون لەتێرکردنی پێویستیەکانم. ☐

خەڵکی وام دەبینن کە زۆرهۆشمەندم لەم ڕووەوە ☐

ناتوانم پیا هەڵدانی دەوروبەر بۆخۆم ڕەت بکەمەوە ☐

هەوڵمدا و دۆڕام لەبەر ئەوەی من .............................. ☐

٢٢- گەورەترین کێشەکانت لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی کامانەن؟

- [ ] بە توندی ڕەخنە لە هەڵەکانیان دەگرم.
- [ ] ئەو ڕێزەی کە شایەنی منە نامدەنێ.
- [ ] سوکایەتی پێ کردەنەکان لە بیرناکەم.
- [ ] بێ ئومێدم لە توانایان بۆ گۆڕین.
- [ ] ئەوان منیان خۆش ناوێت وەك ئەوەی دەمەوێت.
- [ ] حەز دەکەم من یەکەم بم هەمیشە لە نێوانیاندا.
- [ ] دەجەنگم لەگەڵ هەرکەسێك کە جیاوازی هەبێت لەگەڵمدا.
- [ ] دەکشێمەوە بە خێرایی لە هەر پەیوەندیەك کە بریندارم بکات.
- [ ] بوونی ئەم کێشانە لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی دیکە چی دەگەیەنێت و واتاکەی چییە؟

.........................................................................................................

٢٣ - ئەوهەنگاوە کردارەکیانە کامانەن کە پێویستە بیگریتەبەر بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بژیت {من نا بەڵکو مەسیح} لە پەیوەندیەکانت لەگەڵ خەڵکی دیکە؟

.........................................................................................................

.........................................................................................................

.........................................................................................................

٢٤- ئەو بیرۆکە کردارەکیە کە پێویستە تیایدا داڕێژراو بێ بۆ ئەوەی خۆت بێتەوە یاد بە بەردەوامی کامەیە سەبارەت بەم ڕاستیە{من لەگەڵ مەسیح لە خاچدراوم ،ئێتر من نیم ئەوەی دەژی،بەڵکو مەسیحە لەمن دەژی} ( غە ٢:٢٠)؟

.........................................................................................................

.........................................................................................................

٢٥- {ئەمە دەزانین:مرۆڤە کۆنەکە تیاماندا لە خاچدرا لەگەڵ مەسیح ، تا لەشی گوناهبارمان نەمێنێ وئیتر بە کۆیلەیی گوناه نەمێنینەوە. چونکە ئەوەی مرد لە گوناه ئازاد بوو. جالەبەر ئەوەی لەگەڵ مەسیح مردووین ، ئێمە باوەڕمان هەیە لەگەڵ ئەویش دەژین} .

چۆن دەزانیت کە مەسیح سەرکەوتووە بەسەر مرۆڤە کۆنەکەتدا سەرکەوتنێکی وا کە مرۆڤە کۆنەکەی لەناوبردبێت لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون کردنەوەی بۆ بکە:

نوێژەکانت

........................................................................................

بیرکردنەوەکانت

........................................................................................

ئاراستەکانی دڵت

........................................................................................

## تێبینییەکان

## تێبینییەکان

# تێبینییەکان

## تێبینییەکان

## تێبینییەکان

بڵاوکار: کڵێسای مەسیحی کورد زمان

٢٠٠٨

Verbreitung christlicher Schriften
Postfach, CH-2500 Biel 8
info@dclit.net / www.dclit.net